

**پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی...** ٤



**دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان...** ٥



**هەڵەبجە خاڵی هاوبەشی ...** ٩



**کاریگەریی هەرێمی کوردستاتی ...** ٩



**قەیرانی ئۆکراین و هەڵوێستی ...** ١٠


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـــانی کۆمیتەی نـــاوەنـــدیی حیزبی دێمـــوکراتی کوردســـتـــــانی ئێـــران

ژمارە ٦٢٥، پێنجشەممە، ٢٩ی رەشەممەی ١٣٩٢، ٢٠ی مارسی ٢٠١٤، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com





# باوەڕ بە هێزی لەبڕان نەهاتووی خۆمان بێنین



لە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی هەتاویدا جارێکی دیکە بڵێسەی ئاگری نەورۆز لە سەرانسەری کوردستان مزگێنی هەڵاتنی خۆری ڕزگاریی نەتەوەیی هێنا.

هەر بەم بۆنەیەوە، دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی سکرتێری گشتی و ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، شاندێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، میوانان، تێکۆشەرانی پێشمەرگە، ئەندامان و کادرەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو.

لە یەکەم بڕگەی ئەم ڕێوڕەسمەدا کە لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی دەفتەری سیاسی بەڕێوە چوو، پاش دەسپێکی بەرنامەکان، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی پێشکەش کرد.

کاك مستەفا هیجری لە پەیامەکەیدا پاش شیکردنەوەی بارودۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت پاش هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی، وتی: "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بەخۆداهەڵگوتن و نیشاندانی ڕواڵەتی درۆیینی بەهێز لە خۆی، لە هەموو کاتێك بێ هێزترە، چوونکە بەهێزبوونی حکوومەت نە بە ژمارەی زۆری هێزە سەرکوتکەرەکانی و داپڵۆسینی خەڵکی بێ تاوان، بەڵکوو بە ڕادەی قایمبوونی پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی و متمانەی خەڵکەکەیەتی"

بەڕێزیان هەروەها وێڕای ئاماژە بە قەیرانی ڕەوایەیەك کە بەرۆکی ڕێژیمی گرتووە، ڕایگەیاند:" ڕێژیمێك کە خۆشەویستیی خەڵك بە هێز و توانای خۆی ئەژمار بکا، لە بەرانبەر داخوازی وڵاتانی دیکەدا بە بیانووی " نەرمشی قارەمانانە" سەر دانانەوێنێ و ئەوەندە زەلیل و داماو نابێت."

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا ڕایگەیاند کە: "کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم بە نەمانە، کەوابوو کاتی ئەوە هاتووە هەموو لایەك بە یەکگرتوویی بە دژی ڕاوەستین و چی دیکە فریوی درۆ و دەلەسەکانیان نەخۆین، ئەرکێك کە لەم ڕاستایەدا دەکەوێتە سەر شانی هەموو تاکەکان ئەوەیە کە لانیکەم بۆ خۆمان یارمەتیی سەرکەوتنی چەواشەکارییەکانی نەکەین. باوەڕ بە هێزو توانای لە بڕاننەهاتووی خۆمان بێنین. وەکوو هەموو ئەو خەڵکانەی کە لەماوەی ٤ ـ ٥ ساڵی ڕابردوودا بە دەستی بەتاڵ بەگژ دەسەڵاتە ستەمکارەکاندا هاتنەوە و سەرکەوتن".

لە بەشێکی دیکەی ڕیوڕەسمەکەدا کە لە گۆڕەپانێکی سەرئاوەڵادا بەڕێوەچوو، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەنوەر موحەممەدی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئاگری نەورۆزیان هەڵگیرساند. ڕێوڕەسمی پێشوازی لە ساڵی نوێ و جێژنی نەتەوەیی نەورۆز لە نێو شایی و گۆڤەندی بەشداربوواندا کۆتایی هات.

**پـەیـڤ**

ناهید حسێنی

## نەورۆز

وەرزی بەهارە و نەورۆز باوەشی بۆ جوانی و خۆشەویستی کردۆتەوە. نەورۆزە و سروشت بە ڕازاوەترین بەرگ خەملیوە تا مزگێنیی ژیانەوە بە رووەك و باڵندە و زیندەوەر بدا. کاتی ژیانەوەی سروشتە و ژیان دڵی بۆ هیوا خۆش کردووە. هیوا هاتوە تا مزگێنیی هەستانەوەیەکی نوێ بە بوون بدا. سەردەمی هەستانەوەیە و کوردستان بە باوەشێکی ئاواڵەوە بۆ لەئامێزگرتنی تیشکی ئازادی هەنگاو دەنێتەوە. بۆنی ئازادی دێ و ڕێبوارانی تینووی سەربەستی هەنگاوەکانیان خێراتر دەکەن، بەو هیوایە کە بزەی سەر لێویان تێکەڵ بەو تیشکە بکەن و لە ترۆپکی سەرکەوتندا باوەشی پێدا بکەن. نەورۆزە، بەڵام وڵاتی بەهار و نەورۆز و هیواکان لە ژێر پەردەی ڕەشی دیکتاتۆری دا دەناڵێنێ. سەرەتای ژیانەوەیە و لە کانگای ژیان دا، مەرگ چاوەڕوانی زۆرێك لە هیواکان دەکا. کاتی گەشانەوەی سروشتە، بەڵام تەپ و تۆزی خنکێنەری سەرەڕۆیی باڵی بە سەر گەشترین زۆزانەکانی نیشتیمان دا کێشاوە. سروشت باوەشی بۆ گەشانەوەیەکی نوێ کردۆتەوە، کە چی ڕق و قینی کۆنەپەرستی بە هەڵمی پڕ لە ژاریەوە هەوڵ دەدا باڵ بە سەر هەموو سروشتی کوردستاندا بکێشێ. ڕێژیمی دژ بە شادی و دژ بە ئازادی لە ئێراندا، ئەمساڵیش وەکوو هەموو ساڵێك هەموو هەوڵێك دەدا تا پێش بە شادی و خۆشی هاووڵاتیان بگرێ. چونکە شادی و خۆشی، نیشانەی دژایەتی لە گەڵ فەرهەنگی ڕەش و ڕەش پەرستی کۆماری ئیسلامیە. چونکە شادی و خۆشی نیشانەی هیوایە بۆ ڕۆژانێك بە بێ کۆماری ئیسلامی. چونکە شادی و خۆشی نیشانەی هەبوون و هەرمانی گەلی کوردە. بۆیە کۆماری ئیسلامی وەها درندانە بە گژ نەورۆز و خۆشی و شادیدا دەچێ و هەوڵ دەدا کە پێش بە ڕێ و ڕەسمەکانی نەورۆز بگرێ و لە جیاتی شایی نەورۆز، شینی نەهامەتی بە سەر وڵاتدا زاڵ بکا. بەڵام نەورۆز هەر نەورۆزە و دەرفەتێکی نوێ بۆ ژیانەوەی هیواکان. نەورۆز هەر نەورۆزە و کاتی بیرکردنەوە لە هەستانەوە. نەورۆز هەر ڕۆژی نوێیە و چاخی ڕابوون. نەورۆز هەر نەورۆزە و ناسنامەی کوردەواری. نەورۆز هەر نەورۆزە و نیشانەی دژایەتی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی. نەورۆز هەر نەورۆزە و هەر نەورۆزیش دەمێنێتەوە. نەورۆزتان پیرۆز، دڵتان پڕ لە هیوا، هیواکانتان نزیکتر لە ئامانج و ئامانجەکانتان نزیکتر لە وەدیهاتن.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٨ مارس

ئەمرۆ بۆ جارێکی دیکە پێشوازی لە ڕۆژی مێژوویی ٨ی مارس دەکەین کە وەك ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن ڕاگەیەنراوە و ڕێزی لێ دەگیرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ڕێزگرین لە ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ ژنان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆی پێشکەش دەکا بە سەرجەم ژنانی جیهان، ئێران و کوردستان. بەو هیوایە کە ژنانی تێکۆشەر لە هەوڵ و خەباتی پیرۆزیاندا دژی ئیستبداد، کۆنەپەرستی و چەوسانەوە و هەروەها بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان، سەرکەوتوو بن. ژنان بە تێکۆشانی بێوچان و پڕ لە قوربانیی خۆیان لە کۆمەڵێك لە وڵاتانی جیهاندا دەسکەوتی پڕبایەخیان بەدەست هێناوە و بە بەشێکی بەرچاو لە ئازادی و مافەکانیان گەیشتوون. بەڵام دوای تێپەڕبوونی پتر لە سەدەیەك لە ڕاگەیاندنی ڕۆژی جیهانیی ژن، ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا ژنان هەروا بەشێوەی جۆراوجۆر دەبنە قوربانیی هەڵاواردن و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە و لە بێ بەشیدا دەژین. یەك لەو وڵاتانەی کە مافە سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی ژن تێیدا بە ئاشکرا پێشێل دەکرێ و ژنان بە هۆی کولتووری هەڵاواردن و دواکەوتووانەی حکوومەتییەوە لە مافە سروشتی و ئینسانییەکانیان بێبەشن، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. لە کۆماری ئیسلامیدا چەوساندنەوەی ژن لە کۆمەڵگادا باری یاسایی ڕێگا پێدراوە و هەڵاواردنی هەمەلایەنە، ماف پێشێلکردن و سووکایەتی پێکردن بە ژن بە گوێرەی یاسای بنەڕەتیی وڵات ئاسایی و نەهادینە کراوە! لە فەرهەنگ و عەقلییەتی دەسەڵات بەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیدا ژنانی ئێران بەگشتی بە مرۆڤی دەرەجە دوو دەژمێردرێن و هەر بەو شێوەیەش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ. بێجگە لەوە، ژنانی کورد لەژێر باری قورسی ستەمی نەتەوەییشدا دەچەوسێنەوە و سەرکوت دەکرێن. ڕێژیمی ئازادیکوژی ئێران لەوە ئاگادارە کە ژنانی کوردستان بە درێژایی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئازادیی نەتەوەکەیاندا بەشدار بوون و بەشدارن. ژنانی کورد سەلماندوویانە کە تێکۆشان بۆ ئازادی و ڕزگاریی خۆیان لە چەوسانەوە و بێبەشی، بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی گەلەکەیان بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی دەزانن، هەربۆیەش لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکانی کورد ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و بەگشتی لەهەر مەجالێکدا بۆیان بگونجێ، شان بە شانی پیاوانی کورد فیداکاری دەکەن و قوربانی دەدەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو شانازییەی بۆخۆی تۆمار کردووە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە پرسی ژنی بەلاوە گرینگ بووە و خەبات بۆ دابینکردنی مافی بەرابەر بۆ ژنانی کوردی لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا گونجاندووە. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەهەمانکاتدا ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو بووە کە ئەوەی هەتا ئێستا لەو پێوەندییەدا کراوە، بەس نییە و دەبێ هەوڵی زیاتر و بە بەرنامەتر بۆ بەشداریی بەربەرینتری ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بدرێ. چونکە لەو براوایەدایە کە خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەیەك بە بێ بەشداریی ژنان و دابینکردنی مافەکانیان، خەباتێکی ناتەواوە و بە ئاکامی دڵخواز ناگا. دیارە ژنی کورد بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی ژنانی خەباتکاری نەتەوە ڕزگاربووەکان ئەو ڕاستییەی لەبەرچاوە کە گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی و ڕزگاریی لە چەوسانەوە تەنیا بە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانە و لێبڕاوانەی خودی ژنانەوە دابین و دەستەبەر دەکرێ، بەڵام سەرەڕای ئەو ڕاستییە، ئەرکی پیاوانی یەکسانیخواز و دێموکراتە کە لەو بوارەدا یارمەتیدەری ژنان بن.

لەو خەباتە دژوارە بەڵام بەرحەق و ڕەوایەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی بە یارمەتیدەری ژنان دەزانێ و لە خەباتی ڕەوایان بۆ گەیشتن بە یەکسانی و ڕزگاری لە هەڵاواردن پشتیوانیان لێ دەکا.

سەرکەوێ خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی
پیرۆز بێ ٨ی مارس ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ ژنان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٨ی مارسی ٢٠١٤
١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٢

# نوێنەری حیزبی دێموکرات سەردانی پارلمانی ئوتریشی کرد

ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەشەمە "هیوا بەهرامی" نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئوتریش سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی کرد و لەگەڵ "کریستینە مووتۆنێن"، ئەندام پارلمانی سەربە فراکسیۆنی پارتی سوسیال دێموکراتی ئوتریش و ئەندامی کومیسیۆنی سیاسەتی دەرەوەی پارلمان دیداری کرد. لەم چاوپێکەوتنەدا چەندین بابەتی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان، لەوانە سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی دەوڵەتی ڕۆحانی، سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ئاست نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی، پرسی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران و چەند بابەتی دیکەی ناوچەکە باسیان لێوە کرا.

# بەشداریی شاندی نوێنەرایەتیی حیزب لە وڵاتی بلژیک لە سمیناری "بازرگانیی ئازاد"ی ئورووپا و ئەمریکا

ڕێکەوتی ١٥ی ڕەشەمە، شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ بلژیك بە سەرپەرستیی "جەمیل فەتحی" لە سمیناری "مەترسیی بازرگانیی ئازادی ئەمریکا بۆسەر دیمۆکراسیی ئورووپا" کە لەلایەن "سەوزەکانی هەرێمی فلاندرێ"یەوە لە شاری برۆکسێل ڕێکخرابوو، بەشداریی کرد.هەروەها ئەندامانی شارەوانیی شاری برۆکسێل، ئاکادێمیسییەنەکان، ڕۆژنامەنووسان و گرووپی گەنجی سەوزەکانی وڵاتی بلژیك لەو سیمنارەدا بەشدار بوون. لەو سمینارەدا مەترسییەکانی ڕێککەوتننامەی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆسەر دیمۆکراسیی ئورووپا کە لە هاوینی ساڵی ٢٠١٣دا واژۆ کرا، تاوتوێ کران.

# پەیامی نەورۆزیی کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

نەورۆز، موژدەی ڕابوونی سروشت و زاڵبوونی ڕووناکی بەسەر تاریکی و کرێوەدا، هێمای زیندوویەتی و تاهەتایی بوون، کارنەڤاڵی برایەتی و شادی و پێکەوەژیانی گەلان و جێژنی نەتەوەیی کورد، پیرۆز بێت.

کۆمەڵانی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان!

ئێمە هێماکانی نەورۆز بە ڕێنوێنی کۆڵنەدان و سووربوون لەسەر خەبات هەتا وەدیهاتنی ئامانجی بەرزی ڕزگاریی نەتەوایەتی دەزانین و لەو باوەڕەداین کە زوقم و شەختەی سەرەڕۆیی و تاریکیی خەفەقانی دیکتاتۆرەکان لە بەرەنگاربوونەوەی کۆتایی و لە بەردەم ڕووناکی و تینی هەتاوی ئازدیداد وەك سەهۆڵی خاکەلێوە دەتوێنەوە و لە دوارۆژێکی ڕوون و گەشاوەدا بە سەمفۆنیی ڕاپەڕینی دەنگەکان دژ بە بێدەنگی و گوڵپژێنی ڕەنگەکان دژ بە بێڕەنگی، نیشتمانە پیرۆزەکەمان لە ژێردەستەیی و ستەمی داگیرکەران ڕزگار دەبێت. بەهیوای ئەوەی کە تا وەدیهاتنی وەها ئامانجێك، وەك هەمیشە یەکریز و یەکگرتوو، بە هێزی باوەر و حەماسە، پارێزگاری لە سەنگەرەکانی تێکۆشان بۆ سەلماندنی ئیرادەی نەتەوەییمان بکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
نەورۆزی ٢٧١٤ی کوردی
١٣٩٣ هەتاوی

# شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە لە پارلمانی سوید بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەشەمە، شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ـ سوید بە سەرپەرستیی "مەولوود عەبدیلزادە" بەرپرسی کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کورد و کوردستانی لە وڵاتی سوێد، لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە پارلمانی ئەو وڵاتە بەشداریی کرد. ڕێوڕەسمەکە لەلایەن تۆڕی کوردی/ سویدیی پارلمانی سوید و بە هاوکاریی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوید پێکهاتبوو و تێیدا نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسیی و کولتوورییە کوردییەکان لە سوید و هەروەها ژمارەیەك لە قوربانییانی کارەساتی هەڵەبجە بەشداری بوون. لەو ڕێوڕەسمەدا "شۆڕش قادر" نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سوید، "شەرمین بوزئەرسەلان" بەرپرسی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان و "مەولوود عەبدیلزادە" وەکوو نوێنەری کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کورد و کوردستانی پەیامی خۆیان پێشکەش کرد. سوید یەکێك لەو وڵاتانەیە کە بە شێوەی فەرمی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالی وەکوو کۆمەڵکوژیی خەڵکی کورد بە فەرمی ناسیوە.

# کۆنفڕانسێک سەبارەت بە "لە سێدارەدان لە ئێران" لە پارلمانی بریتانیا بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٠ و ٢١ی ڕەشەمە کۆنفڕانسێکی دوو ڕۆژە لەسەر پرسی لەسێدارەدان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتی ئێران لە پارلمانی وڵاتی بریتانیا لە شاری لەندەن، بە بەشداریی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێف، کۆنفڕانسێك بەڕێوەچوو. ئەو کۆنفڕانسە لەلایەن گرووپی پارلمانتارانی بریتانیایی بۆ نەهێشتنی لە سێدارەدان کە لە ٣٠ ئەندامی



مەجلیسی پیرانی پارلمانی بریتانیا پێکهاتووە و هەروەها ڕێکخراوی فەڕانسەویی "خەبات بۆ لابردنی سزای سێدارە" بەڕێوەچوو. تەیموور ئەلیاسی نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێف، کە بەشداری ئەو کۆنفڕانسە بوو، وتارێکی سەبارەت بە پرسی لە سێدارەدانی هاووڵاتییانی سەربە نەتەوەکانی ئێران لەژێر ناوی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، پێشکەش کرد.

# دیداری دوو شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمە، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ٣ی کوردستان بە سەرپەرستیی "سەدیق دەرویشی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ناوەندی ٣، سەردانی لقی ١٦ی پارتی دێموکراتی کوردستانی لە شاوەیس کرد و لەلایەن شاندێکی لقی ١٦ ئەو پارتەوە بە سەرپەرستیی "دوکتور ئاراس حەسۆ میرخان" ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە پێشوازیی لێکرا. دۆخی ئێستای کوردستان بەگشتی و هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و دوایین گۆڕانگارییەکان لەسەر هەر کام لەو بەشانە و هەروەها دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناوچە و هەرێمی کوردستان، کۆمەڵە بابەتێك بوون لەو دیدارەدا کە لەلایەن "سەدیق دەرویشی"یەوە باسیان لی کرا. لەو دیدارەدا "دوکتور ئاراس حەسۆ" لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەگشتی و مەسەلەی پێکهاتنی حکوومەت و دۆخی پێوەندییەکانی هەرێم و بەغدا چەند باسێکی هێنایە ئاراوە. لە کۆتایی ئەو دیدارەدا دوو لایەن لەسەر بەردەوامیی پێوەندییەکانیان پێداگرییان کردەوە.

# ڕێوڕەسمی ٢٤ی ڕەشەمە لە بنکەی سەرەکیی یەکیەتیی ژنان بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمە، بەبۆنەی ٦٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێك بە بەشداریی مستەفا هیجری و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان، ڕێوڕەسمێك بەڕێوەچوو. سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و کورد دەستی پێ کرد.

پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو یەکیەتییە لەلایەن "ڕووناك فەتحی" ئەندامی بەڕێوەرییەوە پێشکەش کرا. دواتر سروودێك لەلایەن کۆڕی مووزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا و دوابەدوای ئەوەش پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن "لەیلا محەممەدی" ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانەوە خوێندرایەوە. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا گۆرانیبێژ بەیان سەلیمی گۆرانییەکی پێشکەش کرد و پاشان کورتەیەك لە ژیاننامەی "مینا خانمی قازی" لەلایەن "هاجەر قادری" ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کرا. دواتر پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن "نەرمین عوسمانی" ئەندامی ئەو یەکیەتیی خوێندکارانەوە پێشکەش کرا. پاشان خەڵاتی ساڵانەی "مینا خانم" کە هەموو ساڵێك لە ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژناندا پێشکەش دەکرێت، ئەمساڵ لەلایەن "هێرۆ جەڵدیان" جێگری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە پێشکەش بە ٥ ئەندامی دێرینی یەکیەتیی ژنان کرا. دواتر گۆرانییەك لەلایەن "مەهتاب مەعرووفی"یەوە پێش کرا و ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران کۆتایی پێهات.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ڕێوڕەسمی دوایین هەینی ساڵ بە بەشداری خەڵکی شارەکانی کوردستان لە کێوی تەرەغە بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەشەمە ١٣٩٢ی هەتاوی، بە ئامادەبوونی بەرفراوانی هاووڵاتییانی شارەکانی بۆکان، سەقز، بانە، مەهاباد، ورمێ، نەغەدە، سنە و گوندەکانی دەوروبەری بۆکان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە چیای تەرەغە بەبۆنەی دوایین هەینی ساڵ بەڕێوەچوو. بەشداران لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە دەوری ئالآی کوردستان کە لە داوێنی چیای تەرەغە کێشرابوو، کۆبوونەوە. لە ڕەوتی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی نەورۆزانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بڵاو کرایەوە. هەروەها بەم بۆنەوە ئاگرێکی گەورە لە چیای تەرەغە هەڵکرا و "ڕەنگی شینی ئاسمانی ئاگرەکە" لە سەر چیای تەرەغە، خوشحاڵیی هاووڵاتییانی لێ کەوتەوە. هەروەها لاوانی نیشتمانپەروەر لەم ڕێوڕەسمەدا کۆمەڵێك سروود و دروشمیان لە وەسفی چیای تەرەغە، زێدی لە دایك بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی وتەوە.

## ڕێوڕەسمی کارەساتی هەڵەبجە و شارەکانی کوردستان لە زانستگاکانی ئێران و کوردستان بەڕێوەچوو

لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە ، بەبۆنەی ساڵیادی کارەساتی شیمیایی بارانی هەڵەبجە و شارەکانی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێ لە زانستگاکانی تەورێز، تاران، زەنجان، تەورێز، سنە و مەریوان، بە بەشداریی خوێندکارانی ئەو زانستگایانەوە بەڕێوەچووە. لەو ڕێوڕەسمانەدا چەندین وتار و بابەت و پەیام، سەبارەت بە کۆمەڵکوژیی نەتەوەی کورد و هەروەها ژینۆسایدی زمانی و فەرهەنگی کورد پێشکەش کران. هەروەها چەندین سروود لە وەسفی یادی کارەساتی شیمیایی بارانی شاری هەڵەبجە لەلایەن خوێندکارانەوە پێشکیش کران. لە لایەك بەرپەرسان و حەراسەتی زانستگای تاران ئیزنی بە ڕێوڕەسمی "شین تا ژین"ی بە خوێندکارانی کورد لەو زانستگایە نەدان و لە لایەکی دیکەوە بەرپرسان و حەراسەتی ئەو زانستگایانە،گوشارێکی لە ڕادەبەدریشیان خستبووە سەر خوێندکارانی کورد و پێیان ڕاگەیاندبوو کە ئیزنی لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردییان لەو ڕێوڕەسمانەدا نییە. بەڵام خوێندکاران بە بێ گوێدان بەو هەڕەشانە، بەشداری ئەو ڕێوڕەسمانە بوون.

## لە نۆدشە ڕێوڕەسمی یادی قوربانییانی بوردمانی شیمیایی بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێك بەبۆنەی ٢٦ەمین ساڵڤەگەڕی بوردمانی شیمیایی شاری نۆدشە لە ٢٦ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی شاری نۆدشە بەڕێوەچوو. شاعیران، نووسەران و چالاکانی فەرهەنگیی کورد لە شاری نۆدشە و دەوروبەری بە پێشکەش کردنی بابەت وخوێندنەوەی شێعر لە وەسفی قوربانییانی کیمیاییبارانی شاری نۆدشەیان، یادی قوربانییان و بەرکەوتوانیان بەرز ڕاگرت. لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا "هادی فیرووز و دڵسۆز شاکری" دوو هونەرمەندی ناوداری شاری نۆدشە، بەو بۆنەوە چەند پارچە مۆسیقایان پێشکەش کرد. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین ڕاپۆرت و دێکۆمێنتی ڤیدیۆیی تایبەت بە کیمیاییبارانی شاری نۆدشە پێشان درا. هیچ بەرپرس و لایەنێکی حکوومەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار نەبووە، هەروەها هیزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ، ئیزنیان بە بەشداریی یەکێك لە چالاکانی فەرهەنگیی کورد بەناوی "موختار خەندانی" کە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکەوە بانگهێشت کرابوو، نەدا.

## سەردانی بەرپرسانی ڕێژیم لە گوندێکی هەورامان، ناڕەزایەتیی هاووڵاتییانی لێکەوتەوە

ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەمە، بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شارستانی سەولآوا، وەکوو فەرماندار، بەخشدار، بەرپرسی ئیدارەی جیهادی کشاوەرزی، بەرپرسی ئیدارەی ژینگەپارێزی و بەرپرسی بونیادی مەسکەن، سەردانی گوندی "دەرەکێ"یان لە ناوچەی هەورامان کردووە و کۆبوونەوەیان بۆ خەڵك گرتووە کە لەگەڵ ناڕەزایەتیی هاووڵاتییانی ئەو گوندە بەرەوڕوو بوونەتەوە. بەرپرسانی ڕێژیم لەو کۆبوونەوەیەدا هەر وەکوو جاران بەڵێنیی دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزارییان بە هاووڵاتییان داوە کە لەگەڵ نارڕزایەتیی توندی هاووڵاتییان بەرەوڕوو بوونەتەوە. پاش قسەکانی بەرپرسانی ڕێژیم یەکێك لە ئەندامانی شوورای گوندی دەرەکێ بە نوێنەرایەتیی خەڵك قسەی کردووە و ناڕەزایەتیی خۆی و خەڵکی ئاوایی دەربڕیوە. ئەو ئەندامەی شووڕای گوند وتوویەتی: "٣٦ ساڵ ماڵوێرانی، ٣٦ ساڵ کلۆڵی و چارەڕەشی و ئاوارەیی، ٣٦ ساڵ گرانی و کوشتوبڕ و ئازاری هاووڵاتییان، تاقە بەرهەمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بووە و هیچ خێر و قازانجێکمان لەم حکوومەت و دەسەڵاتەدا نەدیوە، بۆیە چیدیکە گوێمان لەم قسە و بەڵێنییانە پڕە و چاوەڕێی هیچ شتێك لەم دەسەڵاتە ناکەین. ئەو ئەندامەی شوورای گوندی دەرەکێ هەروەها روو لە بەرپرسانی شارستانی سەولآوا وتوویەتی: "ئێمە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی مان ناوێ و چیدیکە سەردانی ئەم ئاواییە مەکەن و ئێستاش سەری خۆتان داخەن و بە حورمەتەوە لە ئاوایی وەدەر کەون". قسەکانی ئەو ئەندامەی شوورای گوندی دەرەکێ، بە چەپڵەی بەشدارانی کۆبوونەوە پێشوازیی لێ کراوە و هاووڵاتییان بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان بە فیکە کێشان و هووراکێشان لە ئاوایی دەرکردووە.

## هاووڵاتییەکی کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا

ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەشەمە، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی گوندی "دزڵی" بەناوی "عومەر مورادی" کوڕی "حەسەن" تەمەن ٣١ ساڵ،کرایە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران جێگیر لە پاسگای ژاڵانە و لە ئەنجام دا گیانی لەدەست دا. عومەر مورادی کاتێك ویستوویەتی بە هانای براکەی کە لە سنوور سەرقاڵی کارکردن بووە، بچێت، کراوەتە ئامانجی تەقەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و کوژراوە.

## گوشار بۆسەر کافینێتەکان لە ئێران و بەتایبەت کوردستان توندتر بووەتەوە

گوشاری ئیدارەی ئەماکنی ڕێژیم بۆسەر کافینێتەکان لە بەرەبەری نەورۆز بە مەبەستی کۆنترۆڵی بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت توندتر بووەتەوە. ئیدارەی ئەماکنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە تێکڕای کافینێتەکانی شارەکانی تاران، تەورێز، مەهاباد و بۆکانی ڕایگەیاندووە کە دەبێ کۆنترۆڵی تەواویان لەسەر ئەو بەکارهێنەرانەی ئینتێرنێتدا هەبێ کە سەردانی کافەکەیان دەکەن. ئەو ئیدارەیە لەو پێوەندییەدا چەندین بار ڕایگەیاندووە کە دەبێ کارتی پێناسەی میللی لە بەکارهێنەران وەربگرن، هەتا چاودێری و کۆنترۆڵی تەواوی بەکارهێنەرانی ئینتێرێت بکرێت.

## هاووڵاتییەکی کورد بە تۆمەتی هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان لە سەردەشت دەسبەسەر کرا

ڕێکەوتی ١٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، هاووڵاتییەکی تەمەن ٢٤ ساڵی کورد خەڵکی شارستانی سەردەشت بەتۆمەتی "هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان و چەند دەست جل و بەرگی کوردی کە ئاڵای کوردستانی لەسەر کێشرابوو"، دەسبەسەر و بۆ زیندانی ناوەندیی ورمێ ڕاگوێزرا.

## حوکمی ٤٨ مانگ زیندانیی چالاکانی فەرهەنگیی شاری پاوە پشتڕاست کرایەوە

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، دادگای پێداچوونەوەی پاریزگای کرماشان حوکمی ٤٨ مانگ زیندانیی ٨ چالاکی فەرهەنگیی شاری پاوەی پشتڕاست کردەوە. حوکمی شەش مانگ زیندانیی تەعزیری ئاراس حاتەمی، گۆران بەهرامی، موعتەسەم شافعی، جهانبەخش ئەحمەدی، بابەك عەبباسی، محەممەد نیگاری، و قانێع حاتەمی پشتڕاست کرایەوە. حوکمی زیندانی ئەو حەوت چالاکە کوردە ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەزی ئەمساڵ و لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری پاوەوە دەرکرابوو. هیچ بەڵگەیەك بۆ تاوانبار کردنی ئەو حەوت چالاکە کوردە لە پەروەندەکەیاندا بوونی نییە و دادگای شاری پاوە تەنیا لەژێر فشاری "مەلا قادر قادری" نوێنەری وەلیی فەقیە، ئەو حەوت چالاکەی بە زیندان مەحکووم کردووە.

## هاووڵاتییەکی کورد بەهۆی لێدانی هێزەکانی ئیدارەی ئەماکن گیانی لەدەست دا

ڕێکەوتی ١٨ی ڕەشەمە، "مێهدی پاتۆڵی" هاووڵاتیی دانیشتووی شاری بۆکان بەهۆی کوتان و لێدانی هێزە چەکدارەکانی ئیدارەی ئەماکنی ئەو شارەوە گیانیانی لە دەست دا. مەهدی پاتۆڵی لە ترسی هێزە چەکدارەکان خۆی فڕێ داوەتە نێو چۆمی تەنیشت پارکی ساحیلیی بۆکان و دواتر لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئیدارەی ئەماکنەوە گیراوەتەوە و وێڕای بێحورمەتی پێ کردن، بە باتۆم و پێلاقە لێیان داوە و دیسانەوە فڕێی دەدەنەوە نێو چۆمەکە. مەهدی پاتۆڵی سەرەڕای ئەوەی کە مەلەی زانیوە، بەڵام بەهۆی لێدانی زۆر لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئەماکن، بڕستی لێ بڕاوە و توانای مەلەکردن و خۆرزگارکردنی نەبووە و لە ئەنجامدا خەنکاوە و گیانی لەدەست داوە.

## لە کرماشان سێ هاووڵاتیی دەسبەسەرکراوی کورد بە زیندان مەحکووم کران

سێ هاووڵاتیی کوردی خەڵکی پارێزگای کرماشان بە ناوەکانی "موحسێن خودادای، کیانووش ڕۆستەمی و نیعمەت فەتحی" کەلە جۆزەردانی ١٣٩٢ لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە شاری کرماشان دەسبەسەر کرابوون، بە تۆمەتی جۆراوجۆری وەکوو "لایەنگری لە حیزبە کوردییەکان، هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی، تەقینەوە لە نزیك پایگای بەسیج و سووتاندنی وێنەی خومەینی" دراوەتە پاڵ و لە لایەن دادگای شۆڕشی کرماشانەوە، هەر یەك لە موحسن خودایاری خەڵکی شاری سەحنە و کیانووش روستەمی خەڵکی کرماشان بە ١٥ ساڵ زیندان و نێعمەت فەتحی خەڵکی کرماشانی بە ١٠ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کردووە.

## وەرزشوانانی مەریوانی ڕێزیان لە یادی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە گرت

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمە، ١٢دووچەرخە سواری مەریوانی بەرەو شاری هەڵەبجە بەڕێ کەوتن و هەتا شاری هەڵەبجە دووچەرخە سوارییان کرد. ئەو وەرزشوانە کوردانە بە دووچەرخە سواری لە شاری مەریوانەوە هەتا شاری هەڵەبجە دووچەرخە سوارییان کرد و لەسەر گڵکۆی شەهیدان تاجەگوڵینەیان دانا.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٥ی ڕەشەمە عەبدوڵڵا خان مورادی کەسایەتیی خۆشناو و نیشتمانپەروەری شاری سنە و ڕیش سپیی جێ متمانەی خەڵکی ناوچەی گەڵواخ، بەهۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو کەسێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو و لەو ماوەیەدا کە سەرۆکی شارەوانی ١ی سنە بوو، بە دڵسۆزییەوە خزمەتی بە هاونیشتمانیان دەکرد.بنەماڵەی عەبدوڵڵا خان مورادای چەندین کەسیان شەهیدی ڕێگایی ئازادی و ڕزگاریی کوردستانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری ناوچەی شنۆ کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٨ی ڕەشەمە حاج عەبدولحەمید یوونس پوور کەسایەتیی نیشمانپەروەر و ناسراوی ناوچەی شنۆ، خەڵکی گوندی "گەڵاز" لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی هەمان ڕۆژ بە خاك سپێردرا. حاجی عەبدولحەمید هاوڕێ و دۆستی ڕێبەری شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو و باوەڕی بە خەباتی ڕەوای گەلی کورد هەبوو و هەمیشە لاوانی بۆ خەبات و شۆڕش دژی زوڵم و زۆر هان دەدا.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە پیرانشار کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٦ی ڕەشەمە، سەید حوسێن عەلەوی باوکی شەهید سەید ئەنوەر عەلەوی خەڵکی گوندی "شاوانێ"ی سەربە شاری شنۆ، لە گوندی "شیناوێ"ی پیرانشار، بەهۆی پیری کۆچی دوایی کرد. شەهید ئەنوەر پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە وەکوو فەرماندەی لك ساڵی ١٣٥٩ لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە شوێنێك بەناوی "کانی سپی" شەهید بوو و تەرمەکەی لە گوندی شاوانێ بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانانی بەڕێز!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

بە بۆنەی نەورۆز و سەری ساڵی نوێوە، گەرمترین پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان پێشکەش دەکەین، هیواداریین ساڵی ١٣٩٣تان وەك بەهاری جوان و ڕازاوە پڕ بێ لە پشکوتن و پڕ بێ لە شادی و خۆشی، ژیان بە کامتان بێ و دوژمنانمان سەرشۆڕ بن و ڕوو لە نەمان .

با لەو دەرفەتە پیرۆزە کەڵك وەربگرین و هەموومان پێکەوە سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان بنێرین بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و هەمیشە زیندووی ڕێگای ڕزگاریی وڵاتەکەمان لە چنگ زۆرداری، دواکەتوویی و ستەم، ئەو شەهیدانەی کە هەمیشە لە یادمانن و ڕێگایان تا گەیشتن بە ئاواتەکانیان بەردەوام دەبێ.

نەورۆز لە ئێوەش پیرۆز بێ، ڕۆڵە کۆڵنەدەرو چاو نەترسەکانی گەل لە نێو زیندانە تاریکەکانی ڕێژیمی نەزانی و سێدارە کە بە تاوانی مافخوازی لەم ڕۆژانەی جێژندا، بەدوور لە ئامێزی گەرم و پڕ لە خۆشەویستیی بنەماڵە و ئازیزانتان و بێبەش لە جوانیی بەهار و خۆشیی ڕۆژانی جێژن، لەگەڵ زیندانوان و ئەشکەنجەگەرانی دڵڕەش، دەبێ لە زیندانەکاندا بمێننەوە، ورەتان بەرز و دڵتان پڕ لە هیوای دوارۆژی ڕزگاری.

پیرۆز بێ لە کادرو پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و هەموو ئەو تێکۆشەرە ئاگا و وشیارانەی کە لە نێوخۆی وڵات و لە ژێر مەترسی و هەڕەشەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە هەموو دەرفەتێك کەڵك وەردەگرن تا بە شێوەی گونجاو، دژی ڕێژیم بەربەرەکانێ بکەن و ئامادەن لە پێناوی ئازادیدا نرخەکەی بدەن.

خۆشەویستان!

ئێستا، کە بە هیوایەکی نوێوە بەرەو پیریی ساڵێکی نوێ دەچین، جێی خۆیەتی ئاوڕێك لە یەك ساڵی ڕابردوو، ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی بدەینەوە، ساڵێکی دژوار و پڕ کوێرەوەری وەکوو هەموو ماوەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو خەڵکی ئێران و بە تایبەت بۆ نەتەوەی کورد لەو وڵاتە. لەو پێوەندییەدا ئەگەر بمانەوێ ئاوڕ لە هەموو ڕووداوەکانی ئەو ساڵە بدەینەوە بۆ خۆی پێویستی بە کاتێکی تایبەتی هەیە و لەو پەیامەدا ناگونجی، بۆیە بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵی گشتی بۆ وێنە دەکەین:

ـ بە پێی هەڵسەنگاندنی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، ڕێژەی بێکاری لە ئێراندا، لە ساڵی ڕابردوو لە هەڵکشاندا بووە، هەر بە پێی ئامارەکانی خودی ڕێژیمی ئیسلامییش، ئەو ڕێژەیە لە کوردستانی ئێران، بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی ئێرانەوە لە سەرەوەتر بووە.

ـ بە پێی ئامارە نافەرمییەکان و تەنانەت ئامارە جێی گومانەکانی ڕێژیمیش، توشبوون بە مادەی سڕکەر لە ساڵی ڕابردوودا زۆرترو زۆرتر بووە. بە وتەی وەزیری کاروباری نێوخۆ ٦ میلیون ئێرانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ گیرۆدەی مادەسڕکەرەکان بوون و ٩٢٪ی خەڵکی ئێران نیگەرانی ئەو دیاردەیەن. سەرپەرەستی دەبیرخانەی ئەنجوومەنی هاوئاهەنگی بەربەرەکانێ لەگەڵ مادە سڕکەرەکانی پارێزگای سنە دەڵی نێزیك بە بیست هەزار تووشبوو بەو مادانە لەو پارێزگایە هەیە.

ـ گرانی و هەڵاوسانی ئابووری و توشبوون بە مادە سڕکەرەکان، دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتیی زیاتری بە دوای خۆیدا هێناوە و ژمارە و ئاماری خۆکوژی و تەڵاق و خۆکوشتنی ژنان ڕوو لە هەڵکشانە. بە پێی ئاماری ناوەندی پزیشکی قانوونی کرماشان، تا کۆتایی مانگی سەرماوەز ٣١٢٥ کردەوەی خۆکوژی لەو پارێزگایەدا ڕوویداوە کە لە چاو ساڵی پێشوو ١٠٪ زیادی نیشان دەدا. سەبتی ئەحواڵی ئەو پارێزگایە ڕایگەیاندوە لە ٦ مانگی سەرەتایی ئەو ساڵەدا ڕادەی تەڵاق ١٣/٣٪ زیادی کردوە و لە بەرانبەر هەر ٤ هاوسەرگیری ٣ تەڵاق سەبت کراوە.

ـ لە ساڵی ڕابردوودا کارنامەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەردەوامیی توندوتیژی و سەرکوت و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ڕەشتر لە جاران بووە.

بابەتێکی دیکەی جێگای سرنج کە لە هەمانکاتدا وەك ئەزموونێك جێگای لێفێربوونە، جێگۆڕکێی بەرپرسانی ڕێژیم لە نێوان ئەحمەدی نژاد و ڕووحانی وەك سەرۆك کۆماری وڵات بوو، لەو شانۆگەرییەدا کە ڕێژیم وەك هەموو جارەکانی دیکە ڕێکی خست، ڕووحانی بە گوتاری جیاواز لە ئەحمەدی نژاد و بە قەول و بەڵێنی دابینکردنی داخوازە سەرەتاییەکانی خەڵك، توانیی سرنجی بەشدارانی هەڵبژاردن بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

دیاریکردنی ڕووحانی لە ئاکامی ئەو بە ناو هەڵبژاردنەدا، خۆشی و هیوایەکی وەهای لە نێو بەشێکی خەڵکدا پێکهێنا وەك ئەوەی ئەزموونی بەڵێنەکانی کاندیداکانی هەڵبژاردنەکانی پێشوو و چارەنووسی ئەو بەڵێنانەیان لە بیر کردبێ و لایان وابێ بەڕاستی ڕووحانی باوەڕی بەو بەڵێنانە هەیە و وەك سەرۆك کۆماریش لە توانایدایە کە جێبەجێیان بکا! لە بەڵێنەکانی دەتوانین ئاماژە بەمانە بکرێ:

لابردنی فەزای ئەمنییەتیی لە سەر وڵات، ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان بە مەهدی کەڕووبی و میرحوسێن مووسەویشەوە، بەڕێوە بردنی یاسای بنەڕەتی، سەربەخۆکردنی دەزگای قەزایی، ئازادیی ڕادەربڕین، خوێندنی زمانی دایکی لەو ناوچانەی کە نەتەوەکانی غەیرە فارسی لێ نیشتەجێن وەکوو کوردستان، دیاریکردنی بەرپرسانی ئەو ناوچانە لە نێو کەسانی خۆجێی و تەنانەت تەرخانکردنی یەکێك لە پۆستەکانی جێگری سەرکۆمار بۆ پێڕاگەیشتن بە پرسی ئەقوام. کەسانێکیش ـ هەرکام بە مەبەستێکەوە ـ لەسەر ئەو قەول و قەرارانە کەوتنە پڕوپاگاندە کردن بۆ ڕووحانی و ئەوەندەی لە توانایاندا بوو لە ڕاستای سەرکەوتنی ڕووحانی و خۆڵ لە چاوی خەڵك کردندا درێغییان نەکرد، بەڵام ڕووحانی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە نەك بەڵێنەکانی فەرامۆش کرد و پشت گوێی خستن، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەوە کاری کرد، ئەویش دوو هۆی سەرەکیی هەیە:

یەکەم ـ ڕووحانی کە لە ماوەی هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە لە مۆرەکانی ئەمنییەتی ئەو ڕێژیمە بووە و وەفاداری خۆی بەو ڕێژیمە و وەلی فەقیە سەلماندووە، لە بنەڕەتدا باوەڕی بە پێکهاتنی ئەو ئاڵوگۆڕأنە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نیە.

دووهەم ـ لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوە سەرۆك کۆمار نییە کە دەسەڵاتی هەیە، بەڵکوو تەنیا وەلیی فەقیە دەسەڵاتی دیاریکردنی سیاسەت و بەرنامەی کاری دەرەوە و نێوخۆی هەیە، وەك خاتەمی لە کاتی خۆیدا گوتی لەو سیستەمەدا سەرۆك کۆمار لە تەداروکاتچییەك زیاتر هیچی دیکە نیە.

لە ڕێوڕەسمی ناساندنی پارێزگاری نوێ و بەڕێکردنی پارێزگاری پێشووی سنەدا، وەزیری نێوخۆی دەوڵەتی ڕووحانی بۆ سووکایەتیکردن بە گەلی کورد ڕایگەیاند کە ئەو زۆری پێخۆش بوو کە کەسێك لە خەڵکی خۆجێی بۆ ئەو بەرپرسایەتییە دیاری بکا، بەڵام بەداخەوە کەسێکی شیاوی لە نێو کوردەکاندا نەدۆزیەوە، بەڵێنی خوێندن بە زمانی دایك بە ڕاگەیاندنی دژایەتی ناوەندی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی لە بیر کراو لە جیاتی دیاریکردنی جێگری سەرکۆماربۆ پرسی ئەقوام لە نێو خۆیاندا، عەلی یونسی وەزیری پێشووی ئیتلاعات وەك یاریدەدەری تایبەتی سەرۆك کۆمار لەو بەشە دیاری کرا.

سەبارەت بە ئازادیی ڕادەربڕین، داخستنی چەند ڕۆژنامە و دەسبەسەر کردنی چەند تێکۆشەری جیابیر لەو ماوەیەدا ئاکامی بەشێکی دیکە لە بەڵێنەکانی ڕووحانی بووە. جێگای سرنجە کە ئازادی ڕادەربڕین لەو ماوەیەدا بە شێوەیەك کەوتە ژێر مەترسی کە سەرۆك کۆمار بۆ خۆی و دەوروبەری، دەپاڕێتەوە و دەڵێ: "ئەوانەی ڕەخنەگر و دژی دەوڵەتن ئازادن، بەڵام ئیزن بدەن هەر لەو ئاستەشدا، هاوڕێیانی دەوڵەت لە ئازادی و ئەمنییەت بەهرەمەند بن و ڕەخنەی بنیاتنەر بگرن".

هاوڕێیانی بەڕێز!

هەموو ئەو ستەمکارییانە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەوەشێتەوە و بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە لە نێوخۆی وڵات سیاسەتێکی نوێ نیە، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتەوە، ڕێژیم لەسەر ئەساسی ئەم جۆرە سیاسەت و بیرکردنەوانە دامەزراوە و لە وەها سیستەمێکیش لەوە زیاتر چاوەڕوان ناکری. بەڵام ئەوەی جێگای چاوەڕوانی نیە، هێوا بەستن بەو ڕێژیمە بە تایبەت لە لایەن کۆمەڵێك لە هاونیشتمانانی کوردەوەیە کە بە بێ وەبیرهێنانەوەی بانگەشە و بەڵێنییەکانی بەناو هەڵبژاردنەکانی پێشوو و بە درۆ و فریوکارییەکانیان کە لەو ڕێژیمەدا مەشرووعییەتی ئایینی پێدراوە، جارێکی دیکە دەکەونە ژێر شوێندانەریی هێندێك بەڵێن و دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگی بۆ دەدەن.



بەڕێزان!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بەخۆدا هەڵگوتن و ڕواڵەتی درۆینی بەهێز لە خۆ نیشاندان، لە هەموو کاتێك بێهێزترە، چوونکە بەهێزبوونی حکوومەت نە بە ژمارەی زۆری هێزە سەرکوتکەرەکانی و نە بە داپلۆسینی خەڵکی بێ تاوانە، بەڵکوو بە ڕادەی قایمبوونی پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی و متمانەی خەڵکەکەیەتی.

لە ئێستادا کەمترین ژمارەی خەڵك متمانەی بەو ڕێژیمە و هیوای چاکسازی ماوە، خەڵك ئەو ڕێژیمە وەك داگیرکەر چاو لێ دەکەن و بە دوای بچووکترین دەرفەتەکانەوەن کە حکوومەت لە چنگ داگیرکەر دەر بهێنن و ڕادەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلانی بکەنەوە. دەسەڵاتدارانی ڕێژیمیش باش لەو ڕاستییە تێگەیشتوون بۆیە هیچ دەرەتانێك بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و جیابیران ناڕەخسێنن.

ڕێژیمێك کە پشتی بە خەڵکی خۆی قایم بێ ترسی لە ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسێك، داواکاریی مافخوازێکی نەتەوەیی و تەنانەت خوێندن بە زمانی دایك نیە و بەو تاوانانە ئەو خەڵکە زیندانی و ئیعدام ناکا. ڕێژیمێك کە خۆشەویستیی خەڵك بە هێز و توانای خۆی ئەژمار بکا، لە بەرانبەر داخوازیی وڵاتانی دیکەدا بە بیانووی "نرمش قهرمانانه" سەردانانەوێنی و ئەوەندە زەلیل و داماو نابێ.

ـ هەر چەند ئێمە لەو باوەڕەدا بووین و هەین کە پرۆژەی ناوکیی ئێران بە مەبەستی دەستڕاگەیشتنی ڕێژیم بە چەکی ناوکی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە سیاسەتێکی هەڵەو سەرەڕۆیانە بووە، هەتا زووتر دەست لەو خەون و خەیاڵە ئاژاوەگێڕانەیە هەڵ بگرێ، زۆرتر بە قازانجی خەڵکی ئێرانە.

بێجگە لە لاوازی و داماویی ڕێژیم، بەگشتی، سەردەمی دەسەڵاتداریی ئەو شێوە حکوومەتانە بەسەرچووە چوونکە توانای ئاڵوگۆڕو هاوئاهەنگ کردنی خۆیان لەگەڵ ڕەوتی سەردەم نیە، بۆیە هەر وەکوو هەموو ئەو شێوە حکوومەتانەی لە دوور و نێزیکی خۆمان دەیانبینین مەحکووم بە نەمانن، کەوابوو کاتی ئەوە هاتووە هەموو لایەك بە یەکگرتوویی بە دژی ڕاوەستین و چی دیکە فریوی درۆ و دەلەسەکانیان نەخۆین، ئەرکێك کە لەم ڕاستایەدا دەکەوێتە سەرشانی هەموو تاکەکان ئەوەیە کە لانیکەم بۆ خۆمان یارمەتی بۆ سەرکەوتنی چەواشەکارییەکانی نەکەین. باوەڕ بە هێز و توانای لەبڕان نەهاتووی خۆمان بێنین. وەکوو هەموو ئەو خەڵکانەی کە لەماوەی ٤ ـ ٥ ساڵی ڕابردوودا بە دەستی بەتاڵ بەگژ دەسەڵاتە ستەمکارەکاندا هاتنەوە و سەرکەوتن.

با بەو هیوایەوە هەمووومان بە پێشوازی ساڵی تازەوە بچین و ئاگری نەورۆز و خۆشی و هەڵپەرکێکانی ئەم بۆنە پیرۆزە بکەین بە هەوێنی گوڕوتینی خەباتکارانەمان و سەهۆڵبەندانی تاریکی و سارد و سڕی ستەم و دواکەوتوویی ڕێژیمی پێ بتوێنینەوە.

بە بڕوا بە نوێبوونەوە و خەبات و تێکۆشان، نەورۆز و سەری ساڵی تازەتان پیرۆز، ساڵێکی پڕ شادی و جێژن و سەرکەوتن و نەمانی ستەم و ستەمکاریتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری

# دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان زەرووەرەتێکی مێژوویی

چنوور قادری

مێژووی خەباتی یەکسانیخوازی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ٦٨ ساڵ لەمەوبەر و بۆ سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستان. کە لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وەك یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی کورد بە مێتۆدێکی مۆدێرن و لە کوردستانی ئێران دامەزرا. دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان لەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ بیری تیژ و رامانە ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەی ڕێبەرانی کۆمار لەمەڕ بەشداری و پراکتیزەکردنی هێز و پوتانسیلی ژنان لە بەڕێوەبەریی کۆمەڵگادا. بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەوکاتی زاڵ بەسەر کوردستان و داب و نەریتە دواکەتووەکانی نێو کۆمەڵگا کاریگەرییان خستبووە سەر ژیانی خەڵك بەگشتی و بەتایبەت ژنان. هەتا ئەو کات خوێندەواریی ژنانی کورد لە نزمترین ئاستی خۆیدا بوو. نەخوێندەواری و نائاگایی و تێنەگەیشتن لە مافەکانی مرۆڤ گەورەترین کێشەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایە، چوونکە بە تێگەیشتن و ئاشنا بوون لە ماف و ئازادییەکان بەشێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەبن. هەر بۆیە ڕێبەرانی کۆمار و بەتایبەت پێشەوا قازی محەممەد، دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان و ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردی هەوڵێکی چڕوپڕیان دا بۆ ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان. پێداگری لەسەر خوێندەواریی کچان و ڕۆشتنیان بۆ ناوەندەکانی خوێندن، هێنانە مەیدانی ژنانی کورد لە ناو کاروبارەکانی کۆمار و بەشدارییان لە ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین بڵێین کە لە بەرچاوترین ڕیفۆرمەکانی ئەو کاتە بوو. پێشەوا زۆر بەباشی لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە بەشداریی نیوەی ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی ئێران و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستان واتە ژنان پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە و ئیستراتیژی ئەوە بووە کە ڕۆڵی ژنان لە کاروباری ناو ماڵ رابگوازێتەوە بۆ ناو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی کۆماری کوردستان. بۆیە دوای ماوەیەکی کورت لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێت و هاوسەری پێشەوا "مینا خانم" دەبێتە بەرپرسی ڕێکخراوەکە بۆ زیاتر هاندانی ژنانی دیکە. ئەم هەنگاوە جووڵەی خستە ناو ژنانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و دەتوانین بڵێین لە هەست بە پاسیڤبوون رزگاریان بوو و بەو قەناعەتە گەیشتن کە دەبێ وەك تاکێکی کۆمەڵگا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. ئەگەرچی دوای ڕووخانی کۆمار، خەبات و تێکۆشانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە پێی ڕەوش و هەلومەرجە تایبەتییەکانی هەر قۆناغێکی خەباتی نەتەوەکەمان تووشی هەوراز و نشێوی زۆر بووە، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ژنانی کورد دەستیان لەو ڕێبازە بەرنەداوە و بۆ دابینبوونی مافی ئینسانی و دێموکراتیکەکانی ژنان و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی تێکۆشاون و تا وەدیهاتنی ئامانجەکان تێدەکۆشن. مەرجی پێویست بۆ دابینبوونی پێشکەوتن و گەشەسەندنی واقیعی و بەردەوام، کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئیمکانە ئینسانییەکانە و تەنانەت ڕێژەی گەشەپێدان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕادەی بەکارهێنانی هێزی مرۆیی ئەو وڵاتەوە هەیە. لە جیهانی ئەمرۆدا بیرۆکەیەك بۆتە نۆرمێکی دێموکراتیك، ئەو بیرۆکە باس لەوە دەکا کە گەشەسەندنی کۆمەڵگا بە بێ بەشداری چالاك و ئاکتیڤی ژنان مسۆگەر نابێت و پێچەوانەکەشی کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگا هەیە. سەرنج نەدانی سیستم و دوڵەتەکان بەو ڕاستییە دەبێتە هۆی بێ چارەسەر مانەوەی کێشەوگرفتەکان. جێگربوونی دێموکراسی تەنیا گارانتییە بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان و بەشداریکردنیان لە بواری سیاسی و بوارگەلی دیکەی کۆمەڵگادا. هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی ڕێژیم ئاراستەی ماف و ئازادییەکانی ژنانی ئێرانیان تێکەڵ بە بنەما ئایینی، شەرعی و ئیدئۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە کردووە و هەوڵی داوە کە ویست و داواکانی ژنان لە ناوەرۆکی دێموکراتیك و چوارچێوەی پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنەکانی نێونەتەوەیی دوور بخاتەوە، ئەمە بە نیسبەت ژنانی کورد کە هەم وەك ژن لەگەڵ زەخت و گوشارەکانی دەسەڵات بەرەوڕوون هەم بە هۆی کوردبونیان هەر حەرەکەت و چالاکییەکیان بەرەوڕووی خەتی سوور دەبێت و خاڵی ئەمنییەتییەکان زیاتر بوون. بۆیە چالاکی و خەباتی ژنی کورد لە کوردستانی ئێران چەند قات قورسترە و سەرکوت و گوشارەکان بە نیسبەت چالاکانی ژنان لە ئێران بەرفراوانترە. لەم دۆخەدا ئەرکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان قورسترە لەمەڕ کانالیزەکردنی ویست و داوا بەرحەق و ڕەواکانی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەبات و چالاکی لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە مرۆییەکان و بەرابەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئیستراکتۆرێکی مرۆڤ سالارانە درێژە و پێویستە هەنگاوەکان پتەوتر بکرێت. سەرەتا ژنان دەبێ باوەڕبەخۆ بوونیان هەبێ و ئەم باوەڕە بگوازرێنەوە بۆ پیاوان و پیاوان بگەنە ئەو قەناعەتە کە بەشداریی ژنان بە قازانج کۆمەڵگا بە گشتییە. ژنان دەبێ بێنە مەیدانی کردەوە و ئەزموون لە سەرکەوتنەکان، خەتا و ناکامییەکان وەرگرن چوونکە ئەزموون وەرگرتن بە کردەوە بەدەست دێت نە بە تیئۆری، لە ئەزموون هەم شکەست هەیە هەم سەرکەوتن کەواتە دەبێ بڵێین ژنان ئەزموون وەرگرن. هەڵاواردنی ئەرێنی لە ئێستادا بۆ ژنان پێویستە، چوونکە شایستەسالاری کاتێك خاوەنی بەها کە ژن و پیاو لە یەك خاڵ سەرەتای بەرابەر و یەکسانەوە دەستیان پێکردبێت. حیزبە سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی باش لەم پێناوەدا بگێڕن، ئەوان بە بایەخ و سەرنجدان بە پرسەکانی ژنان و دەرك کردن بە بەشداریی ژنان لە بواری سیاسەتدا، دەتوانن ڕۆڵی پێشەنگ بوونی خۆیان بسەلمێنن و بە پێچەوانەی ڕێبازە نەریتی و دواکەوتووەکان لەمەڕ سیاسەتی لە پەراوێزخستنی نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگا، لە هێزو توانای ژنان کەڵکی شیاو و گونجاو وەربگرن. بێجگە لەوە، لە پشتیوانی و بەشداریی نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگا لە خەباتی ئەواندا بێبەش دەبن. تا ئێستا لە خەباتی ژنان وەکوو هێزی پشتیوان باسی لێکراوە، بەڵام لەمەو بەدوا دەبێ وەکوو هێزێکی بەشدار چاو لێبکرێت و ئەمە ماندوو بوون و بردنەسەری ئاستی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنانی پێویستە.

# ژن بەرەو ئاسۆیەکی روونتر

مەهتاب مەعروفی

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتاوە لە دوو ڕەگەزی نێرومێ پێکهاتووە. بوونی دوو ڕەگەزی ژن و پیاو لە سەرەتای دەستپێکی چەرخی گەردوون وەکوو دوو بوونەوەری تەواوکەری یەکتری پێیان ناوەتە سەر گۆی زەوی و بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیش ئەو دوو ڕەگەزە لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا هاریکار و پشتیوانی یەکتر بوون، چ لە سەردەمی کۆچەری و ئەشکەوتنشینی و چ لە سەردەمی ژیانی شارستانییەتدا.

ژن هەمیشە تەنیا وەکوو ژن پێناسە نەکراوە، ڕەوتی ژیان و قۆناخەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی و دەسەڵات و قۆناغەکانی حکوومەتداری وایکردووە کە ژنان لە هێندێك لە قۆناغەکاندا تووشی چەوساندنەوە و نەهامەتی و زوڵم و ستەم ببن.

هەرچەند ژنان لە جیهانیی ئێستادا هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی مافە زەوتکراوەکانیان کە لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەر و یاسا و ڕێسا داڕێژراوەکانی دەستی ڕەگەزی بەرامبەر و فەرهەنگی دواکەوتوو، خۆی لە دەستی ئەو هەموو زوڵم و چەوساندنەوە رزگار بکات، چەندین قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە کە لێرەدا دەرەتانی شیکردنەوەی هەموو ئەو قۆناغبەندییانە نییە.

بەڵام دەکرێ بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان کاری ڕێکخستن و داواکارییەکانی ژنان لە هێندێك لە بەشە جیاجیاکانی ڕەوتی تێکۆشانیاندا بخەینە بەرباس.

یەکێك لە کار و چالاکییە بەرچاو و گرینگەکانی ژنان لە دونیای پێشکەوتوانە ئەوە بووە کە توانیان خۆیان و مافە زەوتکراوەکانیان بەدەست بێنن، خۆڕێکخستن لە نێو ڕێکخراو و ئەنجومەن و NGOدا بووە.

ژنانی کوردیش بەشێکی جیانەکراوە لە ژنانی جیهان و تاڕادەیەك شانبەشانی ژنانی جیهان ویست و داخوازییەکانیان بەرز کردووەتەوە. هەر بەو مەبەستەش ژنانی کورد بۆ یەکەمجار بە چاولێکردن و خوێندنەوەی ئەزموون و چالاکیی ژنانی چالاك و مافخوازی جیهان لە سەردەمی یەکەم کیانی کوردیدا، واتا لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا توانیان بە پشتیوانیی ئەو کۆمارە و کۆمەڵێك مرۆڤی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی وەك پێشەوای شەهید و بەشێك لە هاوبیرەکانی و بە هیمەت و دەستپێشخەریی میناخانمی قازی (خێزانی قازی محەممەد) یەکەم ڕێکخراوی کوردی لە ٢٤ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٢٤دا لە ژێر ناوی یەکیەتیی "یایان" دامەزرێنن. لە ڕاستیدا مەبەست لە دامەزراندن و ڕێکخستنی ئەو یەکیەتییە ئاشناکردنی ژنانی کورد بە ویست و مافە زەوتکراوەکانیان و دواکەوتوویی و بێبەشیی خۆیان و گەلەکەیان لە زۆر بواری نەتەوەیی و سینفی و ڕەگەزایەتیدا بووە.

ژنان بە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماردا توانیان خۆیان لە نێو کۆمەڵگا و بەشداریکردن لە گەشەکردنی کۆمەڵگادا ببیننەوە. هەرچەندە ئەو ڕێکخراوە دوای کۆمار دەرەتانی درێژەدان بە چالاکییەکانیان نەبووە، بەڵام توانیی ژن بە بەشێك لە ویست و داخوازییەکانیان ئاشنا بکا و چاو و گوێیان لە هەمبەر جیهان و دەوروپشتیان بکاتەوە.

ڕێکخراوی ژنان هەرچەند دوای دامەزراندنی و بە ڕووخانی کۆمار گەلێ قۆناغی سەخت و ئەستەمی بڕیوە و زۆرجار بە هۆکاری جۆراوجۆر لە کار و چالاکییەکانی دوور کەوتووەتەوە، بەڵام مەیدانی خەبات دژی چەوساندنەوە و داگیرکاریی بەرنەداوە. ئێستاش بە تێپەڕاندنی ٦٨ ساڵ خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانی و زیاتر لە جاران لە گۆڕەپانی خەباتدا دژی چەوسانەوە و نایەکسانیدا تێکۆشانی هەیە و بە شێوەیەکی مۆدێرن و سەردەمیانە کارە ڕێکخراوەیی و ئەرکە نەتەوەیی و سینفییەکانی خۆی بەڕێوە دەبات. ئەو یەکیەتییە جیا لەوەی دژی ڕێژیمی دژە مرۆیی و دژی ژنی کۆماری ئیسلامیی ئێران کار و چالاکی و خەباتی خۆی چڕ کردۆتەوە و بەردەوام سیاسەتی دژبەژنی ئەو ڕێژیمە و یاساکانی لەقاو دەدا. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا لە کۆڕوکۆبوونەوە جیهانییەکاندا بەشدارە و لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایشدا ڕێکخستنەکانی ئەکتیڤتر و چالاکییەکانی خۆیان بە باشی بەڕێوە دەبەن.

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### وتووێژەکانی ئێران و ئەمریکا، کێشە هاوتەریبەکان

ماڵپەڕی میدل ئیست ئانلاین، وتارێکی بە قەڵەمی ئیمانوئێل والێستین، کارناسی بەرزی توێژینەوە لە زانکۆی "یەیل"ی ئەمریکا، لە ژێر ناوی "وتووێژەکانی ئێران و ئەمریکا: کێشە هاوتەریبەکان" بڵاو کردەوە.

لە سەرەتای وتارەکەدا هاتووە: "لە ماوەی یەك مانگی رابروو یان زیاتردا، وتووێژی فەرمی لە نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر پرسە ناوکییەکان بەڕێوەچووە. بەکردەوە، وتووێژەکان بە شێوەی نافەرمی و نهێنی بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگە لەئارادان. لە باری تێکنیکییەوە ئەو گرووپەی لەگەڵ ئێران وتوویژ دەکا، پێی دەگوترێ ٥+١ (پێنج ئەندامی هەمیشەیی شوورای ئاسایشی UN زێدە ئاڵمان)، بەڵام ٥+١ زیاتر دەمامکێکە بۆ وتووێژکەرە سەرەکییەکە، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هەرکام لە لایەنەکان هەڵوێست و ئامانجی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ئامانجەکانیان لە یەکدی جیاوازن. هەر کامیان دەڵێن هەندێ پرەنسیپیان هەیە کە ناتوانن سازشیان لەسەر بکەن. بە هەر حاڵ، هەر دوولا وێدەچێ ئاراستەیەکیان گرتووەتە بەر کە ڕێبەری ئێران، عەلی خامنەیی پێی دەڵێ "نەرمینواندنی پاڵەوانانە".

هاوتەریبی زیاتریش هەیە. سەرکۆماری ئەمریکا، باراك ئۆباما و سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕووحانی هەردووکیان وێدەچێ دەیانەوێ بە سازشێك بگەن کە خۆیان لە شەڕی سەربازی لابدەن. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەردوو لا لەو بڕوایەدان کە شەڕی سەربازی ئاکامگەلی زۆر خراپی بۆ هەم وڵاتەکانیان و هەم خۆیان دەبێ."

لە بەشێکی دیکەدا دەنووسێ: "وتووێژەکان ناتوانن بەبێ ئەوەی ئاکامگەلی زۆر خراپی سیاسی بۆ هەر دوو ڕێبەرەکە بەدواوە بێ، بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بن. دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەیت کە ئەم ڕەوتە چەندە دەخایەنێ، بەڵام پێموایە ساڵێك زۆرترین کاتە کە بگەینە ڕێککەوتنێك. بۆ من وا دەردەکەوێ کە زۆر وێناچێ لەو ماوەیەدا ڕێککەوتنێك بێتە ئاراوە. کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە: دواتر چی ڕوو دەدا؟"

پاشان دەڵێ: "بەڕاستی دوو سیناریۆی جێگرەوە لە ئارادایە" و ئاماژە بەوە دەکات لە سیناریۆی یەکەمدا، کەسانێك کارەکان بگرنە دەست کە بەربژاری سەربازی هەڵبژێرن کە پێی وایە دەبێتە "سێهەمین شەڕی مەزنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی بیست و یەکدا" و خەساری زۆر ڕووخێنەری بەدواوە دەبێ. دەڵێ "سیناریۆیەکی کەمتر کارەساتباریش هەیە. ئەوەیە کە هیچ شتێکی زیاتر ڕوو نەدا" و وتووێژەکان ڕاگیرێن و ڕێبەرانی سەربازیتر بێنە سەرکار بەڵام بیروڕای گشتی بەرەو بەپارێزبوونی زیاتر هانیان بدەن.

دواتر دەنووسێ: "سیناریۆی دووهەم، هەڵبەت باشترە لەوەی یەکەم. بەڵام هیچ شتێك چارەسەر ناکات. بارودۆخەکە خراپتر دەبێ. هیچکام لەو وڵاتانە ناتوانن بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە لە وڵاتەکانی خۆیاندا بە شێوەی جیددی بچنە پێشترەوە. سیناریۆی دووهەم هەمیشە چانسی هەیە و ئەگەری ئەوەی هەیە پاش ماوەیەك بەسەر سیناریۆی یەکەمدا سەرکەوێت."

سەرچاوە:
middle-east-online.com

# نەورۆز



(ک.د.ئازاد)

به یەکگرتن دەسووتێنین سەری ساڵ کینه یی ناو خۆ
که بۆ دۆستان سەراپا ئیفتیخاره ،ئاگری نەورۆز

بژی یەکگرتنی ناوخۆ. بژی گەل .هەر بژین لاوان
نیشانیان داوه بێ کینه و جغاره ،ئاگری نەورۆز

بەدووکەڵ قانگ ئەدەن لاوان، بەراز و گورگوڕێوی و دەڵ
گڕی پیرۆزی وەرزی خەم شکاره ،ئاگری نەورۆز

زوحاکی کوردەواری هەر دەبێ ڕۆژێک نەمێنێ و گەل
به کاوه هەڵدەگیرسێنن دوباره ،ئاگری نەورۆز

ده ئەی لاوی وڵاتی ئاگر و بورکان و ئازادی
دژی یەکتر مەوەستن قەت !قەراره ،ئاگری نەورۆز

له کوێستان بەفر و دۆڵان ئاو و ئاوهەڵدێر و دەشتان گوڵ
سروشت جێژنێ دەگێڕێ بێ قەراره ،ئاگری نەورۆز

چرۆی دەرکردوه دار و دەڵێ ژین یانی نەسرەوتن
گەلی کورد هەڵکەوه دیسان بەهاره ،ئاگری نەورۆز

وڵاتێک تێ نەکۆشی بۆ ڕەهایی و بیری ئازادی
بەشی سووتانه پڕقینه، به قاره ،ئاگری نەورۆز

وڵامی ئاگرینی نەوبەهاره، ئاگری نەورۆز
بڵێسەی قینی چەوساوه و هەژاره، ئاگری نەورۆز

دەترسن دوژمنانی میللەتی کورد، لەو گڕ و تینه
دیاره! قینی دێ وشاخان و شاره، ئاگری نەورۆز

جوانه ڕەنگی سوور و زەرد و سەوزی، کاتێ لرفەی دێ
دەڵێی بەیداخی کۆماری هەژاره، ئاگری نەورۆز

له دەورەی ئاگرا دەگرن کچ و کوڕ ڕەشبەڵەک چونکا
سوپای بێدادی ئەمڕۆ تار و ماره ،ئاگری نەورۆز

# شێعرێکی نەورۆزی به قەڵەمی شەهید "جەلیل ڕەحیمیان"

گولیکی زور شەنگ و شەپاڵ
سوورێکی نه ختێک مەیلەو کاڵ
دوینێ له داوێنی چیا
به خو بادان و به سەما
به نازو هەڵپەڕینەوه
به قاقا و پێکەنینەوه
دەیگوت ئەی لووتکەی رووبەڕوو
بەرزی بەره و هەور هەڵچوو
ئیزنم بده و گوێ بگره بۆم
تا بۆت بلێم پەیامی خۆم!
دوێنێ له ژیر هەرد دەنووستم
چاو نەیدەدی ئەنگوستم
دیلی دەستی بەستەڵەک بووم
دوور له خۆشی و ڕەشبەڵەک بووم
بەڵام! ئەمڕۆ شۆخ و شەنگم
بووکێکی سووری چەلەنگم
کوا چی لێهات زستانی سڕ
کرێوه ڕوشەی تو ش وتەر



جەبری سروشته یاسایه
ڕەوتی ژیانه ئاوایه

پاش وەیشومه و کرێوه و تۆف
پاش تەزینی به ئێش و ئۆف
منم دیاری بەهاری تۆ
منم ژاری نەیاری تۆ
منم دیاریی بەهاری تۆ ......

شاعیر و نووسەری بەناوبانگی فەرانسەیی "ژول رۆمێن" بە هاوکاریی "ژێرژ شنۆێر" بنەما و بنچینەی ئەم قوتابخانەیان داناوە. ئونانیسمیەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە:

لە ناخی هەر یەك لە ئێمەدا دوو جۆر بیرکردنەوە و هەست بوونی هەیە. یەکەم بیرکردنەوە و هەستگەلێکە کە تایبەت بە خودی ئێمەیە و ئەوەی دیکە بیرکردنەوە و هەستگەلێکە کە کۆمەڵگا و گرووپە مرۆییەکانی دەوروبەری ئێمە (وەکوو بنەماڵە، هاوکاران، هاو ئایینەکان و خەڵك) بۆ ئێمەی دەگوێزنەوە.

قوتابخانەکانی ڕابردوو لەو بڕوایەدا بوون کە تاك بۆ گەیشتن بە لووتکەی گەشەکردن دەبێ کەسایەتی تاکەکەسی خۆی پەروەردە بکا و پێش لە دەستێوەردان و کاریگەری وەرگرتن لە جیهانی دەرەوە بگرێ، بەڵام ئۆنانیمیسم بە ئیلهاموەرگرتن لە بیرۆکە فەلسەفییەکانی ئاگوست کێنت بە پێچەوانەی ئەوی دەربڕی و کۆمەڵگای بە سەرچاوەی گەشە و لێهاتوویی و لێوەشاوەیی هێزە تاکەکەسیەکان دەزانێ.

# هەواڵ

## ماڵئاوایی لە تەریقەتی دەهۆڵ و شەریعەتی زوڕنا

یەکێك لە هونەرمەندە ناسراوەکانی کوردستان لە شاری سنە، بەهۆی پیری و نەخۆشیی دڵ و هەناو، لە تەمەنی ٨١ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا: بەرات عەلی نوورانی ناسراو بە "کا بەرات" دەهۆڵ ژەنی بەناوبانگی کورد لە شاری سنە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ئەو کەسایەتییە ناسراوەی کورد، هاوڕێی عەبدوڵڵا شەریعەتی زۆڕناژەن بوو، کە ١٤ی ڕەشەمەی ئەمساڵ کۆچی دوایی کرد.

کابەرات دوکتورای شانازیی موسیقای لە ئاکادیمیای موسیقای نەتەوەیی فەڕانسە وەرگرتبوو، کە هاوڕێ لە گەڵ عەبدوڵڵا شەریعەتی بە تەریقەتی دەهۆڵ و شەریعەتی زوڕنا ناوبانگیان دەکردبوو.

ئەو دوو هونەرمەندە کوردە وێڕای بەشداری کردن لە دەیان فێستیڤاڵ لە وڵاتانی وەکوو فەرانسە، ئاڵمان، یونان، ڕووسیە و عێراق، چەندین خەڵاتی گەورەیان بەدەست هێنابوو.

سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەممە، ڕێوڕەسمی ناشتنی ئەو هونەرمەندە کوردە لە گۆڕستانی بەهەشتی محەممەدیی شاری سنە بەڕێوەچوو.

شایانی باسە هەر لە کۆتاییەکانی هاوین و سەرەتای زستانی ئەمساڵدا، لو کوردستان ڕێز لەو دوو هونەرمەندە کوردە گیردرابوو.

## ساباتێک بۆ کۆکردنەوەی نووسەرانی هەرچوار پارچەی کوردستان

پاش ١٨ ساڵ کار و چالاکیی هونەریی و ڕۆژنامەوانی، گۆڤاری ڕامان یادی دەرچوونی ٢٠٠ەمین ژمارەی خۆی کردەوە و لەو یادەدا میوانداریی نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی هەرچوار پارچەی کوردستانی کرد.

گۆڤاری ڕامان یەکێك لەو دەگمەن گۆڤارانەیە کە لە سەرەتای دەرچوونییەوە، دەرەوەستانە هەوڵی دا سنوورەکان ببەزێنێت و بە نەفەسێکی نیشتمانی و نەتەوەییەوە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی کوردستان لە بازنەی گۆڤارێکی ڕەنگیندا کۆبکاتەوە.

لە ماوەی دوو ڕۆژی دیدار و سمینارەکاندا، کۆمەڵێکی بەرچاو لە نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە لە ماوەی ئەو ١٨ ساڵەدا هاوکاریی ڕامانیان کردووە و لە دوو توێی لاپەڕەکانیدا بابەتەکانیان بڵاو بۆتەوە، بەشدارییان کرد و بە بەرهەمە بەپێزەکانیان سمینارەکانیان دەوڵەمەندتر کرد.

عەتا نەهایی، ناسر وەحیدی، حەمەساڵەی سووزەنی، ڕەهبەر مەحموودزادە، یونس ڕەزایی، ئەمین گەردیگلانی، سەلاح نساری، قادر عەلیخا، حوسێن شێربەگی، عەبدولخالق یەعقووبی، سامال ئەحمەدی، شەریف فەلاح، دوکتور هاشم ئەحمەد زادە، فەتاح ئیلخانی زادە و کۆمەڵێکی دیکە لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕیزی میوانانی کۆڕیادی ڕاماندا ئامادە بوون.



بۆ دوان...



# دووهەمین بەشی فیلمی ٣٠٠ چووە سەرەوەی پێرستی پڕفرۆشترین فیلمەکان

فیلمی " ٣٠٠: سەرهەڵدانی ئیمپراتورییەك" لە یەکەمین حەوتووی نمایشی خۆیدا لە ئامریکا و کانادا، فرۆشێکی چاوەڕواننەکراوی هەبوو. یەکەمین بەشی ئەم فیلمە لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی بەرهەم هاتووە و پاش نمایشکران بووە هۆی نارەزایەتیی بەشێکی زۆر لە فارسەکان.

دووهەمین بەش لە فیلمی سینەمایی ٣٠٠ لە یەکەمین حەوتووی نمایشکرانی لە ئامریکا و کانادا، نزیك بە ٤٥ میلیۆن دۆلار فرۆشی هەبووە و توانیویەتی پلەی یەکەم لە ڕیزبەندی پڕفرۆشترین فیلمەکان بە دەست بێنێ. ناوی ئەم بەشە لە فیلمەکە" :٣٠٠ سەرهەڵدانی ئیمپراتۆرییەك"ە. ئەم فیلمە گێڕانەوەی داستانی شەڕی مێژوویی لە نێوان ئێرانییەکان و یۆنانییەکانە و چیرۆکەکە لە یۆنانی کەونارا ڕوودەدا.

فیلمی ٣٠٠ لە سەر بنەمای داستانێکی وێنەیی هەر بەم ناوە و بەرهەمی فرانك میلر درووست کراوە. نمایشکرانی بەشی یەکەمی ئەم فیلمە لە ساڵی ٢٠٠٧ بوو بە هۆی نارەزایەتی دەربڕینی بەشێکی زۆر لە فارسەکان کە ئەو فیلمەیان بە چەواشەکردنی مێژوو دەزانی و لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە لەم فیلمەدا ڕووخساریەکی دوور لە ڕاستی و توندئاژۆ لە ئێرانییەکان نیشان دراوە.

لە" سەرهەڵدانی ئیمپراتۆرییەك"دا، "سالیوان ئیستیپلتۆن" ئەکتەری ئۆسترالیایی لە ڕۆڵی تمیستوکل، سەرداری لێهاتووی یۆنانی و "ئێوا گرین" ئەکتەر و مودێلی فەرانسەیی لە ڕۆڵی ئارتمیس، فەرماندەی هێزی دەریایی خشایارشادا ڕۆڵ دەگێڕن.

"جێف گۆلداستاین" لە بەرێوەبەرانی کۆمپانیای برایانی "وارنێر"، فرۆشی زۆری ئەم فیلمەی تا هەنووکە" لە سەرەوەی چاوەڕوانی" زانیوە. بە وتەی ئەو، بەرهەمهێنەرانی ئەم فیلمە، فرۆشی حەوتووی یەکەمی بەرهەمەکەیان لە نێوان ٣٥ تاکوو ٤٠ میلیۆن دۆلار بەراورد کردووە و دەڵێن: "ئەگەر بتوانین لە کۆدا ١٠٠ میلیۆن دۆلار فرۆشمان هەبێ، بارودۆخێکی باشمان دەبێ".

"سەرهەڵدانی ئیمپراتۆرییەك"، تا ئێستا لە فرۆش لە ٥٨ وڵاتی دیکەشدا( بێجگە لە ئامریکا و کانادا)، ٨٨ میلیۆن دۆلاری لە گیرفانی بەرهەمهێنەرانی ئەم فیلمە خستووە. بە وتەی کۆمپانیای برایانی "وارنێر"، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە نمایشی نموونەی ئای مەکسیش بە جیا ١٢ میلیۆن دۆلار فرۆشی هەبێ.

# "بێنێکس"ی شاراوە کچی سووریەیی و فوودانە ئاشکرا دەکات









هونەرمەندی بەناوبانگی بریتانیایی کە بە ناوی خوازراوی بێنێکسی و شاردنەوەی شوناسی خۆی کار دەکا، یەکێك لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی خۆی لە سێهەمین ساڵوەگەڕی شەڕی نێوخۆیی سووریە، نۆژەن کردووەتەوە.

ڕۆژی ١٣ی مارس، وێنەی کچی ڕووسەری بەسەری سووریەیی لەگەڵ فوودانێکی سوور لە چەندین شوێنی گرینگی جیهان وەکوو بورجی ئیفێل و ستون نلسۆن لە مەیدانی ترافالگاری لەندن نمایش کرا.

ئەم وێنە نوێیە بەشێك لە ڕێکلامەکانی کەمپەینی " لەگەڵ سووریە ( with Syria)"یە کە گردبوونەوەگەلێکی لە جیهان لە پشتیوانیی کردنی قوربانیانی شەڕی سووریە بەڕێوە دەبا.

کچی سووریەیی و فوودانە لە سەر بنەمای وێنەیەکی شابلونی( نیگارکێشی بە ئێسپرای) لە بێنێکسییە کە یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سەر دیوارێك لە لەندەن بینرا. بێنێکسی لە ڕاگەیەندراوێکدا لە وێبسایتەکەی خۆیدا، ئاماژەی بە ١٥ منداڵ کردووە کە یەخسیربوونیان بە هۆی کێشانەوەی گرافیك گەلێك لە پشتیوانیی دێموکراسی دا، یەکەم خۆپیشاندانەکانی لە دژی ڕێژیمی ئەسەد لە مارسی ٢٠١١دا هەڵگیرسان.

ئەو نووسیویەتی: ئەم نارەزایەتیانە شەپۆلێکی توندوتیژیی لە سەرانسەری سووریە خستە ڕێ و بووبە شەڕێکی نێوخۆیی و ٩ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار کەسی تووشی دەربەدەری کرد.

ڕۆژی پێنجشەمە، لە سێهەمین ساڵوەگەڕی دەسپێکی شەڕ لە سووریە، ئەم بەرهەمە هونەرییەی بێنێکسی نمایشی جیهانیی دەکرێ و لە کۆمەڵێك گۆڕەپان لە سەرانسەری جیهان، هاوکات هەزارن فوودانەی سوور بەرەو ئاسمان هەڵدەدرێن.

ئیدریس ئالبا، ئەکتەر و هەروەها گرووپی مووسیقای ئێلبو( elbow ) پەیوەست دەبن بەو کەسانەی لە مەیدانی ترافالگار کۆ دەبنەوە. ئەم گردبوونەوەیە لە کاتژمێر ١٨ بە کاتی گرینویچ بەڕێوەدەچێ.

بێنێکسی بە نێگارکێشی لە سەر دیوارەکان لە بریستۆل و پاشان لەندن نا و با نگی جیها نیی بەدەست هێنا و چوونکە نیگارکێشی لە سەر دیوار زەرەر لە ملك و ماڵی خەڵك دەدا و تاوان بە ئەژمار دێ، بە شاراوە چالاکیی دەکا.

ئەم هونەرمەندە خەباتکارە کە بە ناوبانگترین هونەرمەندی سەر شەقام بە ئەژمار دێ، تا ئێستا لە بەرامبەر کامێرا و تەلەویزیون دەرنەکەوتووە و کەسێك ڕووخساری ئەوی نەدیتووە.

لە ساڵی ٢٠١١ فیلمێکی دێکومنتاریی لەو هونەرمەندە شاراوەیە بوو بە پاڵێوراوی باشترین دێکومنتاریی.

# پانۆرامای ١٣٩٢

ئیدریس ستوەت

٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٢

کومیتەی کورد لە ئینترناسیۆنال سوسیالیست پێکهات

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی، بەئامادەبوون یلویسئایالا سکرتێری گشتیی ئینترناسیۆنالسوسیالیست و هەیئەتی دەفتەری پاپاندرۆ سەرۆکی ئینترناسیۆنال سوسیالیست و بە بەشداریی ٢٢ هەیئەت لەحیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان، کۆبوونەوەیەك لەشاری سلێمانی پێکهات.

لەم کۆبوونەوەیەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەر پەرستیی بەڕێز "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەشداربوو.

دواتر لە هەڵبژاردنێکدا بەرپرس ودوو جێگری بەرپرسی کومیتەی کورد لە ئینترناسیۆنال سوسیالیست پێکهات و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەکوو بەرپرس وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وپارتی BDP وەکوو جێگرەکانی بەرپرسی ئەو کومیتەیە هەڵبژێردران.

٤بانەمەڕی ١٣٩٢

ڕووخانی باڵەخانەی ڕەغناپلاز

٢٤ی ئاوریل بالاخانەی ڕەغناپلاز لە بەنگلادێش ڕووخا کە بوو بە هۆی گیان لەدەستدانی ١١٣٥ کەس. ئەو بالاخانەیە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی پارچە و جل و بەرگ بوو کە بۆ گەرەترین مارکێتەکانی جیهان جل و بەرگی بەرهەم دەهێنا.

٣١ی بانەمەڕی١٣٩٢

حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە هەڵبژاردنیان بایکۆت کرد

ڕۆژی ٣١ی بانەمەڕ حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانیان بایکۆت کرد.

بە نزیکبوونەوە لە کاتی بەڕێوەچوونی یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە ئێران، ڕۆژی سێشەممە ٣١ی بانەمەڕ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك هەڵوێستیی سیاسیی هاوبەشی خۆیان ڕاگەیاند و هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە ئێرانیان بایکۆت کرد.

١٥جۆزەردانی ١٣٩٢

پارلمانی کانادا و بڕیارێکی بەرپرسانە و مێژوویی

ڕێکەوتی ٥ی ژووئەنی ٢٠١٣، بەرانبەر بە ١٥ی جۆزەردان ١٣٩١ی هەتاوی، لە ٢٥ەمین ساڵڤەگەڕی کوشتاری زیندانیانی سیاسیی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە ئێراندا، پارلمانی وڵاتی کانادا وەك یەکەم وڵات لە سەر ئاستی جیهان، بە پێش قەدەمییەکی مێژوویی و لە بڕیارێکی بوێرانەدا، گەڵاڵەی قەڵاچوکردنی زیندانیانی سیاسیی ئەو ساڵەی کە لە لایەن کەمپەینی کوشتاری ١٩٨٨ەوە ئامادە کرابوو، بەپێی یاسا و پێوەرە نێونەتەوەییەکان وەك جینایەت دژی مرۆڤایەتی بە فەرمی ناسی و دواتریش بە مەبەستی هاوخەمی و هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکانی ئەو جینایەتە، ڕۆژی ١ی دێسامبر وەك ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ زیندانیانی سیاسی لە ئێراندا دیاری کرد. هەر دوابەدوای ئەو بڕیارەش وەزیرانی کاروباری دەرەوە و کاروباری پەنابەریی دەوڵەتی کانادا، لە ڕاگەیەندراوێکدا هاودەردی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی ئەو کەسانە نیشاندا کە لە زیاتر لە سێ دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە بێتاوان گیانیان لێ ئەستێندراوە و کوژراون.

٢٠ جوزەردانی ١٣٩٢

ئێدوارد ئسنۆدن لەقاودانێکی بەرفراوانی ئەنجام دا

ئێدوارد ئسنۆدنی تەمەن ٢٩ ساڵ و ڕاوێژکاری پێشوی ئاژانسی ئەمنیەتی ملی ئامریکا و شارازا لە بواری تۆڕەکانی کامپیوتێر، کە زانیاریی تەواوی لە بواری تۆری جاسوسی دیجیتالی ئامریکا بە ناوی (بەرنامەی پریسم)ی هەبوو، لەقاودانێکی بەرفراوانی ئەنجام دا کە یەکێك لە گرینگترین لەقاودانەکان ئاشکرا کردنی زانیاری لە بواری کۆنترۆڵکردنی تێلفونی دەیان ملیون هاوڵاتیانی ئامریکا بوو و دواتر وەك پەنابەر لە ڕووسیە گیرسایەوە.

٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٢

حەوتەمین سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی هەڵبژاردنی خولی یازدەهەمی سەرکۆماری ئێران لەژێر دەسەڵات وچاودێریی وەلیی فەقیهدا بەڕێوەچوو. لەئاکامدا ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردان وەزیری نێوخۆی ڕێژیم ڕایگەیاند کە حەسەن ڕووحانی وەك سەرکۆماری حەوتەمی ڕێژیم توانی زۆرینەی دەنگەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات. حەسەن فەرەیدوون ڕووحانی ٦٥ساڵە،کە بە پیاوی پشتپەردەکان ویاری ڕەفسەنجانی ناسراوە، خەڵکی سورخەی پارێزگای سمنانە وله لایەنگرە نزیکەکانی خومەینی بووە.

٤ی پوشپەڕی ١٣٩٢

دەست لەکارکێشانەوەی ئەمیری قەتەر لە دەسەلات

لە ڕێکەوتی ٢٥ی ژۆئەین ٢٠١٣ (٤ی پوشپەڕی ١٣٩٢) شێخ حەمد بن خەلیفەئال سانی ئەمیری ٦١ ساڵەی قەتەر لە چاوپێکەوتنێکی میدیایی وڵاتی قەتەر کە بە شێوەیەکی زیندوو بڵاو دەبووەوە، پاش ١٨ ساڵ حوکمڕانی ڕایگەیاند کە دەسەڵاتی وڵاتەکەی بە کورەکەی بە ناوی "تەمیم" تەمەن ٣٣ ساڵ دەسپێرێ.

١٢پوشپەڕی ١٣٩٢

پاشای وڵاتی بلژیك دەستی لە کار کێشایەوە

ئالبرتی دووهەم پادشای وڵاتی بلژیك کە لە ساڵەکانی ١٩٩٣ هەتا ٢٠١٣ پاشای وڵاتی بلژیك بوو، لە ڕۆژی ٣ی ژۆئیەی ٢٠١٣ لە ڕاگەیاندراوێکدا بە قازانجی کورەکەی خۆی بە ناوی فیلیپ دەست لە کار کێشانەوەی خۆی لە تاج وتەختی وڵاتی بلژیك ڕاگەیاند و کوڕەکەی خۆی بۆ جێگرەوەی خۆی لەو وڵاتەدا دەستنیشان کرد.

١٢ی پووشپەڕی١٣٩٢

ئەرتەشی میسر محەممەد مۆرسیی لە دەسەڵات وەلانا

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی پووشپەڕ ئەرتەشی میسر محەممەد مۆرسیی لە سەرکۆماریی لابرد و یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتەی هەڵپەسارد.

ئەم بڕیارە دوابەدوای خۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسی دژبەرانی مۆرسی، بە تایبەت لە مەیدانی تەحریری قاهیرە بە خواستی دەس لەکار کێشانەوەی ناوبراو لە دەسەڵات، بە خوێندنەوەی ڕاگەیەندراوێك لەلایەن ژێنێراڵ عەبدولفەتتاح ئەلسیسی، فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکانی میسر ڕاگەیەندرا.

ئەرتەشی میسر بە ڕاگەیاندنی مۆڵەتێکی ٤٨ کاتژمێری هوشداری دابوو لە کاتی کۆتایی ئەم مۆڵەتە، نەقشە ڕێگایەك بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە دەخاتە ڕوو. موحەممەد مۆرسی ئەم مۆڵەتەی قەبووڵ نەکرد و خوازیاری ئەوە بوو کە ئەرتەش لەم کردەوەی خۆی پاشگەز ببێتەوە.

٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٢

کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ پێکهینانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان، دانیشتنێك بە دەسپێشخەریی "مەسعوود بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بە مەبەستی باس و وتووێژ لەسەر پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و دیاریکردنی ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبەریی ئەم کۆنگرەیە بەڕیوە چوو.

لەم کۆبوونەوەیە دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە سەرپەرشتیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە دانیشتنی کرانەوەی ئەم کۆنگرەیەدا بەشداریی کرد.

لەم دانیشتنەدا بڕیاردرا لێژنەیەکی ٢١ کەسی لە ژێر ناوی "کومیتەی ئامادەکار" هەڵبژێردرێ.

دواتر لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ئامادەکار، لە کۆی ٢١ کورسی، ٥ کورسی بۆ کوردستانی ئێران تەرخان کرا کە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێك لەو پێنج نوێنەرە بوو.

١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٢

ئیمپراتووری شیعری کوردی ماڵئاوایی لە ژیانکرد

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، شێرکۆ بێکەس شاعیری ناوداری کورد و کوڕی شاعیری کورد فایەق بێکەس، لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی سوید بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی قوڕگەوە، لەتەمەنی ٧٣ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیانکرد و لە دوای خۆی میراتێکی گەورەی پێشکەش بە کتێبخانە و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کرد. بەرهەمە شیعرییەکانی مامۆستای گەورە شێرکۆ بێکەس تا ئێستا بە چەندین زمانی زیندووی دونیا چاپ و بڵاو کراوەتەوە و بەیەکێ لە شاعیرە نوێخوازەکانی هاوچەرخی‌کورد دادەنرێت کە لە بواری شیعر و ئەدەبیاتدا خاوەن ڕێچکە و قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆیەتی.

١٨ خەزەڵوەری ١٣٩٢

توفانی وڵاتی فیلیپین

٨ی نوامبر توفانێکی بەهێز لە ولاتی فیلیپین ڕووی دا کە بە توفانی هایان ناوبانگی دەرکرد و یەکێك لە بەهێزترین توفانەکانی سەر کورەی زەوی بوو و با بە هێزی ٣٠٠ کیلومێتر لە یەك کاتژمێر دا دەهات کە دەیان شاری ئەم ولاتەی وێران کرد و زیاتر لە ٦١٠٠ کەس کوژران و ٢٠٠٠ کەسیش بێ سەر و شون بوون.

٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٢

ڕێکەوتنی ناوکیی ئێران و ٥+١ پاش ١٠ سال

دوای چەندین سال چاوەڕوانی، خولی نوێی وتووێژەکانی ئێران و ١+٥ لەسەر پرسی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر بە سەرپەرەستیی مەحەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران و کاترین ئەشتۆن بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکییەتی ئۆروپا لە شاری ڤییەن، پێتەختی ئوتریش دەستی پێکرد و گەیشتنە ڕێککەوتنێکی کاتی و بە پێی ئەو ڕێکەوتنە، تاران بەرنامە ئەتۆمییەکانی بەرتەسك دەکاتەوە تاکوو ڕۆژئاواییەکانیش لە بەرامبەردا بەشێك لە گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی هەڵگرن.

کارناسان دەڵێن ئەم هەوڵە نوێیە بۆ کۆتایی پێهێنانی قەیرانە ناوکییەکەی کۆماری ئیسلامی، درێژخایەنتر و تەنانەت ئەستەمتر لە وتوێژەکانی پێشترە.

١٤ سەرماوەزی١٣٩٢

نێلسۆن ماندێلا کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی پێنج شەممە ٥ی دێسامبری ٢٠١٣، جێکۆب زووما سەرکۆماری ئافریقای باشوور، بە فەرمی کۆچی دوایی نێلسۆن ماندێلا سەرکۆماری پێشووی ئافریقا، ڕێبەری بزووتنەوەی دژە ئاپارتاید و براوەی خەڵاتی ئاشتیی نوبێلی لە ژوهانسبوورگ ڕاگەیاند.

دەوڵەتی ئافریقای باشوور هەر بەم بۆنەیەوە ڕایگەیاند کە بۆ ڕێزگرتن لە ڕێبەری خۆشەویستی ڕەش پێستەکانی ئافریقا، تا پاش کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمی بەخاك ئەسپاردنی ئاڵای وڵاتەکەیان لە نێوخۆ و باڵوێزخانەکانیاندا نیوەهەڵکراو دەبێ.

بڵاوبوونەوەی کۆچی دوایی ئەم ڕێبەرە مەزنەی خەباتی دژە ڕەگەزپەرەستی، لە هەموو جیهاندا دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی هەبووە.

ئامریکا و بریتانیا ئاڵاکەیان بە شێوەی نیوە هەڵکراو لێکرد و دەوڵەتی هیندووستانیش ٥ ڕۆژ ماتەمینی سەرانسەریی ڕاگەیاند.




سەرماوەزی ١٣٩٢

قەیرانی ئۆکراین

لە ٢١ی نوامبر ویکتۆریا نیکۆویچ سەروك کۆماری ئۆکراین لە سەر قەراردادی ئابووری درێژماوەی لەگەڵا یەکیەتیی ئورووپا (بە قازانجی نیزیکبوونەوەی ئابووری لە گەل مسکۆ)دژایەتی کرد کە بووە هۆی خۆپێشاندانێکی بەرفراوان لە ئۆکراین.

خاڵی دەستپێکی ناڕەزایەتییەکان لە سەر هەڵوێستی دەوڵەت و ئیمزا نەکردنی ڕێکەوتننامەی هاوکاری لەگەڵ یەکیەتیی ئوروپا بوو. ئاڵۆزی و ناڕەزایەتیی خەڵکی ئۆکراین کە یەکێك لە ڕووداوە گرینگەکانی جیهان و گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتە بووە هۆی ململانێیەکی بەهێز لە نێوان وڵاتاندا بەتایبەت ململانێ لە نێوان مسکۆ و واشینگتۆن.

١ی ڕێبەندانی١٣٩٢

کانتۆنەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا پێکهات

لە ڕۆژی ١ی ڕێبەندانی ١٣٩٢، ئەنجومەنی دامەزرێنەری بەڕێوەبەرایەتیی کاتی لە ڕۆژئاوای کوردستان بڕیاریدا بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژئاوا لە سەر بناغەی ٣ هەرێم (غەفرین، کۆبانێ، جەزیرە) دابمەزرێنێت.

ئەندامانی ئەو لیژنەیە ٨٢کەس لە نوێنەرانی کورد، عەرەب، کریستیان و کەمایەتییەکانی دیکەی هەرێمەکە پێکهاتووە.

لە ڕۆژی ٢١ی ژانویە لە جزیرێ و ٢٧ی ژانویە لە کوبانی و ٢٩ی ژانوییە لە ئەفرین خۆبەڕێوەبەرییەکی کاتییان ڕاگەیاند و ڕۆژئاوای کوردستانیان کردە ٣ کانتۆن.

٦ی ڕەشەمەی١٣٩٢

بە پارێزگا کردنی هەڵەبجە

لە ڕۆژی ٢٠١٤/٣/١٣ هەرێمی کوردستان بڕیاری بە پارێزگا کردنی هەڵەبجەی واژۆ کرد و بەو پێیە پارێزگای هەڵەبجە بوو بە چوارەمین پارێزگا لە هەرێمی کوردستاندا.

١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٢

فڕۆکەیەکی مالیزی لەگەڵ ٢٣٩ موسافیر ونبوو

لە ١٣٩٢/١٢/١٦ کۆمپانیی فڕۆکەوانیی مالیزی ڕایگەیاند کە فڕۆکەیەك بە ٢٣٩ موسافرەوە کە لە کوالالامپورەوە دەچوو بۆ پیکەن، ونبووە.

فروکەی"ئێم ئێچ ٣٧٠" کە لە جۆری بووینگ ٢٠٠-٧٧٧ لە کاتژمێر ١٢و ٢١ خولەك بە کاتی کوالالامپور پیتەختی وڵاتی مالیزی وەڕێکەوتووە و چاوڕوان دەکرا کە لە هەمان ڕۆژدا کاتژمێر ١٨ و ٣٠خولەك بگاتە پیکەن، بەڵام ون بووە و تا ئێستا بێسەروشوێنە.

# هەڵەبجە خاڵی هاوبەشی هاوخەمیی نەتەوەیی

چەکۆ ئەحمەدی

٢٦ ساڵ بەسەر دڕندانەترین کارەساتی مرۆیی سەردەم واتە شەهیدکرانی پێنج هزار مرۆڤ و میلیۆنان گیانلەبەری دیکە کە دەکرێ دەستەواژەی "شەهیدکرانی هەڵەبجە"ی بۆ بەکاربێنن، تێدەپەڕێ. هەنووکەش برینی ئەو کارەساتە وەك ڕۆژانی یەکم بەسۆیە و هەموو ساڵێك بۆ سارێژ کردن بەشێك لەو برینە، لە سەرانسەری جیهان، لە لایەن کوردەکانەوە کۆڕ و ڕێوڕەسمی بۆ بەڕێوە دەچێ و هەرجارەو لایەنێك لە خەسارەکانی تاوتوێ دەکرێ.

یەکێك لە لایەنە گرینگەکانی ئەو کارەساتە، کاریگەریی قووڵی نەرێنی لە سەر دەروون و ژیانی تاکەکانی کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و بێگومان ئەم خەسار زۆر درێژخایەنتر و بەردەوامیش لایەنە شاراوەکانی زۆرتر دەردەکەوێ و لەوانەیە پاش یەك یان چەند وەچەی دیکە لە تاکی کورد، هەموو لایەنەکان و پیلانەکان کە دەست و ڕۆڵی زۆر وڵاتی تێدا بووە، ئاشکرا بێت. بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوونە، ڕۆڵگیڕانی دوو وڵاتی داگیرکەر، دیکتاتۆر، بێ بەزەیی و دوژمنی کوردە لەو کارەساتەدا. عێراق ڕاستەوخۆ چەکی کیمیایی بۆ قڕکردنی پێنج هزار مرۆڤ و میلیۆنان گیانلەبەری دیکە بەکار هێنا و کۆمەڵێك دیکۆمێنت و بەڵگە بەدەستەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش پێش ئەنجامدانی ئەو کارەساتە، ئاگادار بووە کە دەکرێ هێما بە چەند خاڵ بۆ سلماندنی ئەم بانگەشە بکرێت. لە هەموو ئەو جینایەتانەدا کە ڕوویدا سەرەڕای بوونی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لەم ناوچەدا، تا ئێستایش هیچ باسێك لە بریندار یان کوژرانی هێزەکانی ئەو ڕێژیمە لەو کارەساتەدا نەکراوە. جێی سەر سووڕمانە کە هاوکات لەگەڵ شەهیدکرانی هەڵەبجە، هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو کەرەستەیەك بۆ ڕاگواستنی بریندارەکان بەرەو ئێران و پرۆپاگەندا کردن پێیانەوە لەبەر دەستیاندا بوو وخۆیان وەك مرۆڤدۆست و بەبەزەیی لە هەمبەر نەتەوەی کورد نیشان دا و بەداخەوە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگای جیهانیش ڕاستەقینە بوونی ئەو دەمامکەیان قبوڵ کرد.

لە یەکەم ساتەکانی ڕوودانی ئەو ژینۆسایدە بەرامبەر گیانلەبەران و لە سەرووی هەموویانەوە نەتەوەی کورد، کامیراوانانی ڕێژیمی ئیسلامی کە پێدەچی کەسانی پرۆفیشناڵ لە بواری چێ کردنی فیلمی دیکۆمێنتاریدا بووبن، پێشتر بۆ ڕووداوێکی لەم چەشنە خۆیان ساز کردبێت و چاوەڕێی ڕوودان و فیلم هەڵگرتنەوە بوون، چونکوو ئەو فیلمانەی لە دەزگا ڕاگەیەنەکانی ڕێژیمەوە بڵاو بووەوە هەمووی دەرخەری پرۆفیشناڵ بوونی ئەو فیلمانەیە و ئەگەری ئەوەش هەیە لە پێشدا سیناریۆی بۆ نووسرا بێت.

ئەوەی ڕوویدا کارەساتێکی ڕاستەقینە بوو. ژینۆساید بوو. بەرهەمی کردەوەی ڕێژیمێکی دژە مرۆڤ بوو.ئاکامی خۆڕاگری و ئازادیخوازیی نەتەوەیەکی چەوساوەبوو. دەرخەری سات و سەودای نێودەوڵەتی و زاڵبوونی بەرژەوندیی ئابووری و پێوەندیی نێودەوڵەتی بەسەر هەموو مافەکانی مرۆڤ وگیانی مرۆڤدا بوو. بەشی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان لە مەحکووم کردنی ئەو تاوانە دژ مرۆییە لە یەکم سات و ڕۆژەکاندا خۆیان بوارد و بە پارێزەوە ئاماژەیان پێ کرد. بەڵام لە بەرامبەردا خوشك و براکانی خەڵکی هەڵەبجە لەودیو سنوور واتا لە کوردستانی ئێران، سەرەڕای هەموو خەمساردییەکانی زلهێزەکانی جیهان لە هەمبەر ئەو کارەساتەدا، بە دڵی ئاوەڵا و باوەشی کراوەوە وەك جارەکانی پێشتر و دواتریش بوونە پشتیوان و خەمخۆری لێقەوماوانی کوردستانی عێراق و ئێستاشی لەگەڵ بێت یادی ئەو شەهیدانە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بەرز دەنرخێنرێت و ڕێزیان لێ دەگرن و ئەمەش جێی پێزانینە و پێویستە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا وەك یەك هاوخەمی کارەساتەکانی یەکتر بن و یەکگرتوویی و یەك نەتەوەیی و کولتوری خۆ بەشەرێکی یەکتر زانین لە کارەساتەکاندا لە ناخی هەموو تاکێکی کورددا ڕەنگ بداتەوە.

# کاریگەریی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ (ئێران وەک نموونە)

شەماڵ تەرغیبی

هەرێمی کوردستانی عێراق وەك تەنیا پارچەی ئازاد کراوی کوردستان بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافیایی و هەبوونی ژێرخانی بەهێزی ئابووری خاوەن جێگە و پێگەیەکی تایبەت لە ئاستی ناوچەیی و لە هەمان کاتیشدا گرینگی و هەستیارییەکی تایبەتە لە نێو وڵاتانی ناوچەدا.

ئەم مەسەلەش لە شوێنی خۆیدا کارێکی کردووە کە بەردەوام لە بەرچاو و پلانی دۆست و دوژمنانی خۆیدا بێت. ئەوەی کە ڕوونە هەرێمی کوردستانی عێراق هاوسنوورە لە گەڵ ٣ وڵاتی ئێران، تورکیە و سوریە کە هەر ٣ وڵات بە سەر بەشێك لە کوردستاندا حاکمن کە کوردەکان لەم ٣ وڵاتە لە خەباتدان بۆ وەدەستخستنی مافە نەتەوەییە زەوت کراوەکانیان. لەم سۆنگەوە هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێ ڕۆڵ و نەقشێکی شوێندانەرانە لە سەر ڕەوتی خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان دابنێت. بەم هۆیەوە دەبینین کە ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر ئەو ٣ پارچەیەی دیکە لە دوو ڕێگەوە هەوڵ دەدەن ئەم هەقیقەتە بە لارێدا ببەن: یەکەم هەوڵ بۆ ئەوەیکە لە ڕێگەی دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی ئابووری و فەرهەنگی هەرێمی کوردستان ئەم حکومەتە دەوستەمۆ بکەن و دووهەم هەوڵدان بۆ کەڕەنگ و کاڵکردنەوە نەقشی ئەم دەسەڵاتە کوردییە.

یەکێك لە بناغەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان بوونی لایەنی توورسیتی و گەشتیاریی ئەم هەرێمەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی وەك کەرتێکی بەهێزی ئابووری و داهات هێنەر خۆی دەربخات. بە هۆی بوونی ئازادی و ئارامی و لە هەمان کاتیشدا سرووشتی دڵڕفێن و ئاسەواری مێژوویی، هەرێمی کوردستان توانیویەتی وێنایەکی جوان و سەرنجڕاکێش بداتە بیروڕای گشتی و پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆی بکاتەوە. بە چەشنێك کە دەتوانین بڵێین هاوشان لەگەڵ کەرتی نەوت و گاز و سامانە سرووشتییەکانی دیکە کانالێکی لەبار بۆ بەهێز کردن و بووژاندنەوەی ئابووری خۆی دەستەبەر بکات.

بەڵام وەك ئاماژەی پێکرا نەیاران و دوژمنانی نەتەوەی کورد هیچکات چاویان بە پێشکەوتە ئابووری و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەڵنایەت و بە پێچەوانەوە بەردەوام هەوڵ بۆ کەم بایەخ پیشاندنی ئەم دەسکەوتە دەدەن. سەرکۆنسوولی ڕێژیمی تاران لە شاری سولەیمانیەی کوردستانی باشوور چەند ڕۆژ پێش ئێستا و لە ڕاگەیەندراوێکدا بە خەڵکی ئێرانی گوتبوو لە سەفەر کردن بۆ کوردستانی عێراق خۆ بپارێزن، چوونکە باری ئەمنی ئەم هەرێمە ناجێگرە. هەرچەند کە پاش ئیعتراز و ناڕەزایەتی دەربڕینی بەرپرسانی هەرێم، ناوبراو ڕایگەیاند کە ئەوە مەبەستی ئەسڵی خۆی نەبووە. بەڵام نەفسی لێدوانەکە ئەو دژایەتییە ئاشکرایەمان هێندەی دیکە بۆ دەردەخات.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە نەهاتنی گەشتیار و توریست لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان چ قازانجێك بە ڕێژیمی تاران دەگەیەنێت؟ دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە لە چەند بەشدا پۆلێن بکەین: یەکەم هەر وەك هەموو لایەك ئاگادارن حکوومەتی ناوەندیی عێراق بە یەکێك لە هاوپەیمانە ئیستراتیژییەکانی تاران لەم ناوچەیە دێتە ئەژمار. هەروەها لە ماوەی ڕابردوودا کۆمەڵێك کێشە و گرفت لە نێوان بەغداد و هەولێردا هاتوتە ئاراوە و حکوومەتی ناوەندی بە نەبردنی بودجە و پارە وەك کارتێکی گوشار دەیهەوێ حکوومەتی هەرێم بە چۆکدا بهێنێت. لەم ڕووەوە ئەم هەوڵەی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ ڕێگری کردن لە چوونی گەشتیاران لە وەرزی بەهار و جێژنی نەورۆز دەتوانێ وەك هاوکاری کردنی حکوومەتی مالیکی لە عێراق بێتە ئەژمار، واتە لە لایەکەوە حکوومەتی مالیکی بە نەبردنی بودجە و پارە زەخت بخاتە سەر حکوومەتی هەرێم و لە لایەکی دیکەشەوە حکوومەتی تاران وەك هاوپەیمانی مالیکی و یەکێك لە دژبەرە ناوچەییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگە لە هاتنی ئەرز و داهاتی گەشتیاری بۆ هەرێم بگرێت. بەپێی هێندێك ئاماری فەرمی لە چەند ساڵی ڕابردوودا سالانە زیاتر لە ١٠٠ هەزار هاوولاتی ئێرانی بە مەبەستی سەردان و گەشتیاری ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

دووهەم، ڕێگرتن لە هاتنی ئەرز و داهات بۆ هەرێمی کوردستانە ئەمە کاریگەری نیگەتیڤی زۆری لەسەر ڕەوشی ئابووریی هەرێم دادەنێت، واتە بەرتەسکبوونەوەی هەرچی زیاتری سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمدا.

سێهەم، دروستکردنی چەشنێك لە نامتمانەیی لە نێوان خەڵکی غەیرە کورد لە ئێران و گەلی کورد بەگشتی. ئاشکرایە کە ڕێژیمی تاران بە درێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی داوە گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی شەڕخواز و دوور لە شارستانییەت پیشان بدات کە لە سەرەتای شۆڕشدا، تا ڕادەیەك لەم هەوڵەی خۆیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەڵام بە خۆشییەوە لە ساڵانی ڕابردوودا ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو بە زبڵدانی مێژوو ئەسپێردرا. بەڵام هەوڵەکانی ڕێژیم چڕ کراوەتەوە بۆ ئەوەیکە ئەو شێوە بیرکردنەوانە جارێکی دیکە زیندوو بکاتەوە.

چوارەم، کەڵکئاژۆ وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی خەڵك. زۆرینەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق پێڕەوی ئایینی ئیسلام و مەزهەبی سوننەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ٣٥ ساڵی ڕابردوو بەردەوام لە ڕێگەی مەزهەب و هەروەها دروستکردنی پێکدادان و دنەدانی لایەنە دەمارگرژەکان و لێڵکردنی ئەم ئاوە ماسیی گرتووە. ئەمجارەش دەیهەوێ وەها پیشان بدات کە خەڵکی کورد لە باری مەزهەبییەوە لە دژی خەڵکی ئێرانن و جارێکی دیکە ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە ساز بکات کە سەفەرکردن بۆ نێو خەڵکی سوننی مەزهەب بە واتای بەرەو مەردن چوونە.

جیاواز لەم پۆلێن بەندییە کە ئامانج و مەبەستە دزێوەکانی ڕێژیمی ئیسلامییان بۆ دەردەخەن، دەتوانین بە وروژاندنی پرسیارێکی دیکە ناڕاستبوونی بانگەشەکانی ڕێژیم بخەینەڕوو: ئەگەر باری ئەمنی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان ناجێگیرە و مەترسیی گیانی بۆ هاووڵاتیانی ئێرانی هەیە، بۆچی کۆمپانیاکانی سپای پاسداران دێنە نێو خاکی هەرێم و وەك خۆیان دەڵێن سەرقاڵی پرۆژەی چاکسازی و خزمەتگوزارین؟ ئایا ئەو نەبوونی ئەمنییەتە مەترسیی بۆ سەر ئەوان نیە؟ لە ٣ بوارەوە دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: ١- ئەو بانگەشانەی کە سەرکونسولگەریی ڕێژیم و هاوپیاڵەکانی دەیکەی ناڕاستن و ئامانجی سیاسییانی لەپشتە. ٢- هۆکاری ئەم نائەمنیانە خودی ئەندامانی سپای پاسدارانن و ئەمەش مەترسیی بۆ خۆیان دروست ناکات. ٣- هەرچەند هەردوو بواری ئاماژەپێکراو ڕاستن و حەقیقەتی پرسی کوردستانی عێراقیان لە ناخی خۆیاندا حەشار داوە.

## جووت حەوت

### هەوراز

ـ حەمەتەقی میسباح یەزدی، دەڵێ: "دەسەڵاتدارانی ئەمریکایی نابنە مرۆڤ، زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە تاقیمان کردوونەتەوە و نموونەیەکیشی وتووێژەکانی ئەم دواییانەیە".

پێم وابێ بەڕێزیان هێشتا لەو سەردەمەدا ماوەتەوە کە لە ئەمریکا مرۆڤی نئاندرتاڵ دەژیان. نازانم مەبەستی لە ٢٠٠ ساڵ تاقیکاریی پێوەندییەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی چیە، بەڵام کەمتر لە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا، فەتحعەلیشای قاجار پێی وابوو بۆ گەیشتن بە "یەنگی دنیا" واتە ئەمریکا، دەبێ چاڵ هەڵکەنن.

هەڵبەت چاڵیان هەڵکەند، بەڵام لە جیاتی ئەمریکا، گەیشتنە جەمکەران.

ـئیمامیی کاشانی، بەرنوێژی کاتیی تاران، دەڵێ "جیهان ئەو ١٥-١٠ وڵاتەی سەرەوە نیە، ئەوانە ئەرازل و ئەوباشن، ئەگەر ئێمامی‌زەمان بێت، سەریان لە لەش جیا دەکاتەوە".

کەواتە جیهان هەر ئەم ٥ وڵاتەی خوارەوەیە کە ئێمامی‌زەمانی کاشانی کاری بە سەریانەوە نیە و بگرە لە پشتی سەری ڕێبەرانیشیان نوێژ بخوێنێ، وەکوو سووریە و ڕووسیە و کۆریای باکوور و کووبا و ئێران. هەڵبەت ئەگەر ناچار نەبێت لە ترسی گیانی خۆی لەم وڵاتانە هەڵبێت و داوای پەنابەری لەو ئەرازل و ئەوباشە بکات.

ـولادیمیر پووتین، سەرۆکی ڕووسیای قەیسەری دەڵێ: "ڕۆژئاوا بەهاری عەرەبیی کردە بە پاییز".

ئەگەر مەبەست لە ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات بێت، یان مەبەست لە بەهاری عەرەبی سەردەمی دەسەڵاتی حافز ئەسەد و پاییزەکەشی ئێستای بەشار بێت، یان ڕووسیا ڕکابەرێکی بۆ پەیدا بووبێت لە بە پاییز کردنی بەهارەکانی مرۆڤدا، ئەوە ڕاستە. بەڵام ئەوەی کە بەشار و پووتین بناسێت، ئەگەر بە بیستنی ئەم قسەیە سەری خۆی لە داخان هەڵنەگرێت، بە دڵنیاییەوە سکی دەماسێت و وەکوو وەلید ئەلموعەلیم یان سەر پاسدار فیرووزئابادیی لێ دێت.

پاش ئەوەی کە حاجی کاترین بە عابا و ڕووبەندەوە چوو بۆ تاران و چاوی بە زەریف و ڕووحانی و دواتریش هێندێك چالاکی بواری ژنان کەوت، ڕووحوڵڵا حسەینیان، نوێنەری مەجلیس بە توورەییەوە گوتوویە: "وەزارەتی دەرەوە دەبێ بزانی ئێرە ئۆکراین نیە" .

زەریف کە پێی وابوو ئێران ئۆکراینە، چارشێوی کردبووە سەر کاترین، کە ڕووسەکان حورمەتی نان و نمەکی تاران بیانگرێت و نەیدزن. چوونکە لەم ڕۆژانەدا بە دوای کاترینێکدا دەگەڕێن، دەیانهەوێ بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی زێڕینی بنەماڵەی ڕۆمانۆف.

ـ عەلی خامنەیی هیوای دەربڕیوە کە بەرپرسانی دەوڵەتی بزانن لە بواری فەرهەنگدا چ دەکەن؟

ئەگەر خاڵۆ فەرەجی ڕەحمەتی لێرە بوایە، بەو دەربڕینە جوانەوە دەیگوت: "ئەزانی چیە بە قوربانت بم؟ ئێوە لە بواری فەرهەنگدا هیچ نەکەن زۆر باشترە. چاکی مەکەن با خراپتر نەبێت. سپاس".

# قەیرانی ئۆکراین و هەڵوێستی وڵاتانی جیهان

هیوا میرزایی

لە ٣ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی لە دوای نارەزاییەتییەکی بەربڵاو، دۆخی نێوخۆیی ئۆکراین تووشی قەیرانێکی گەورە بوو و لە ئاکامدا کاخی سەرۆک کۆماری لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داگیر کرا و ویکتور یانکویچ سەرۆک کۆماری لایەنگری ڕووسیە هەڵات و دوابەدوای ئەمە پارلمانی ئەم وڵاتە بڕیاری ئازادکردنی یولیا تیموشنکۆی دەرکرد کە پێشتر بە تۆمەتی گەندەڵیی ئابووری دەستبەسەر کرابوو. لە ڕەوتی ئەم قەیرانەدا ڕووسیە بە بیانوی پاراستنی کەسانی بە ڕەچەڵەک ڕووسی ناوچەی خودموختاری کریمەی داگیر کرد و ئەم قەیرانە بوو بە قەیرانێکی نێونەتەوەیی کە فەزای دیپلوماسیی نێونەتەوەیی خستە ژێر کاریگەرییەوە. ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتیوانیان لە خۆپیشاندەرانی ئۆکراینی دەکرد و ڕووسیەیش کە بەرژەوەندییەکانی لە ئۆکراین کەوتبووە مەترسییەوە پشتیوانی لە دەوڵەتی لە سەرکار لابراو دەکرد. قەیرانی ئۆکراین ڕەنگە گەورەترین قەیرانی ڕۆژئاوا بێ و هەر ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە یەکیەتیی ئورووپا هەڵوێستێکی توند لەمەڕ ئەم قەیرانە بگرێ و هەوڵی گەمارۆی ئابووری ڕووسیە بدات. ڕووسیە بەتایبەت لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەردەوام پشتیوانی لە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکانی ناوچە کردووە و بەتایبەت لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریە بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهان چاوی لە کۆمەڵکوژی و هێرشی بێبەزیانەی دەوڵەتی بەشار ئەسەد نوقاندووە و ئێستایش دوای سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکراین کە زۆرینەی خەڵکەکەی خوازیاری نزیکبوونەوە لە یەکیەتیی ئورووپان و بووەتە بەربەست لە ڕێگەی ئەم هەوڵەی خەڵکی ئۆکراین و بە داگیرکردنی "کریمە" بە بیانوی پاراستنی خەڵکە بە ڕەچەڵەک ڕووسی ئەم ناوچەیە پەرە بە قەیرانی ئەم وڵاتە دەدا. بەڵام ئەوەی جێی هێمایە ڕۆڵی ئێران لەم هاوکێشە نێونەتەوەییە. هەر چەند بە ڕواڵەت ئێران پشتیوانی لە داخوازییەکانی خەڵك ئۆکراین دەکا بەڵام بە کردەوە لەگەڵ ڕووسیە بە هۆی جۆراوجۆرەوە پەرە بە ئەم قەیرانە دەدەن و لە ڕاگەینە گشتییەکانی ئێران بەردەوام خەڵکی خۆپیشاندەری ئۆکراینی بە کەسانێکی نزیك لە ئامریکا و خودی ئەم خۆپیشاندانانەیش بە ئاژاوەیەك دەشوپهێنن کە ڕۆژئاوا و ئامریکا وەڕێیان خستووە و لە هەمانکاتدا پشتیوانی لە خەڵکی لایەنگری کریمە دەکا بۆ جیابوونەوە لەم وڵاتە. ڕووسیە بەردەوام بە هۆی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لە ئێران بەتایبەت لە سەر پرسی وزەی ناوکی کە بەرژەوەندییەکی زۆری لە ئێران بۆ پێکهێناوە پشتیوانی لە ئێران کردووە و زۆرجار بە کەڵکوەرگرتن لە مافی ڤیتۆی خۆی لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بووەتە بەربەست لە ڕێگەی پەسەند کردنی بڕیارنامە و گەمارۆی ئابووریی زۆرتر لە سەر ئێران و ئێرانیش بە پێچەوانەی دروشمەکانی لە جیهانی ئیسلامدا بەردەوام چاوی لە کۆمەڵکوژییەکانی ڕووسیە لە ناوچەی چێچێن نووقاندووە و لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریە هاوتەریب لەگەڵ ڕووسیە پشتیوانێکی بێ ئەملاو ئەولای هەم لە ڕووی سیاسی و هەمیش لە ڕووی سەربازی و داراییەوە لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد کردووە. سیاسەتە یەك بان و دوو هەواکانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە جێی نیگەرانیی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوا و ئامریکا بووە و هەر ئەمەیش بووەتە هۆی زیاتر تەریك خستنەوەی ئێران لە جیهاندا.

ئۆکراین پاش ڕووخانی یەکیەتی سۆڤێت، لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئاگوستی ١٩٩١ سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێنا، بەڵام بەردەوام لە ژێر کاریگەریی وڵاتی ڕوسیەدا بووە.

قەیرانی ئۆکراین و نیمچەدورگەی کریمە ئێستا بووەتە گرێکوێرەیەك کە مەترسیی ئاڵۆزییەکی گەورەیی لێدەکرێ، سەرۆك وەزیرانی کاتیی ئۆکراین داوای لە هەموو هێزە سەربازییەکانی کردووە کە لە حاڵەتی ئامادە باش دابن و هەوڵەکانی ئامریکا و یەکیەتیی ئوروپایش بێ ئاکام ماوەتەوە. هەر لە درێژەی هەوڵەکانی ئامریکا، ڕۆژی ٢٣ی ڕەشەمە جان کێری پاش شەش کاتژمێر وتووێژ



و چاوپێکەوتن لەگەڵ سرگەیی لاوڕۆف، وەزیری دەرەوەی روسیە لە لەندەن لە سەر ڕاپرسی ناوچەی کریمە، ئەم وتووێژانە بە بێ ئاکام کۆتایی هات. یەکیەتی ئورووپا و ئامریکا ئەم ڕاپرسییە دوور لە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەیەکان دەزانن و هەر لە ئێستاوە ڕایانگەیاندووە کە ئاکامی ئەم ڕاپرسییەیان قەبووڵ نیە و زۆر بە توندی داوایان لە ڕووسیە کردووە کە دەستێوەردان لەو وڵاتە نەکات و هێزە سەربازییەکانی لە کریمە بکشێنێتەوە.

بەڵام پاش ئەو هەموو هەوڵە دیپلۆماسییە دەرئەنجام ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمە ڕاپرسی لە کریمە بەرێوەچوو و ئاکامی ئەم ڕاپرسییە ئەوەی دەرخستووە کە زۆرینەی ئەم ناوچە خودموختارە خوازیاری ئەوەن بلکێن بە ڕووسیەوە. هەواڵنێری ئیتارتاسی ڕووسی ڕایگەیاندووە کە ٩٣٪ خەڵکی ئەم ناوچەیە پشتیوانی لە ڕووسیە دەکەن. دوا بەدوای کۆتایی هاتنی ڕاپرسی، دەوڵەتی کاتی ئۆکراین و ڕۆژئاوا و ئامریکا ڕایانگەیاندووە کە بە هیچ شێوەیەك ئاکامی ئەم ڕاپرسییەیان قەبووڵ نیە.

ئەم قەیرانە وەبیر هێنەرەوەی شەڕی ساردە کە لەودا جیهان بە سەر دوو جەمسەری یەکیەتی سۆڤیەت و ئامریکا دابەشکرا و هەنووکەیش کاریگەرییەکانی ئەم جەمسەربەندییە بە سەر سیاسیەت و پێوەندییەکانی وڵاتانی جیهانەوە دیارە.

# زرمەی پۆستاڵی ڕۆژهەڵات و کەمتەرخەمیی ڕۆژئاوا

سەلام ئیسماعیل‌پوور

بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێك لە کەناڵی ئەلجەزیرەوە لەمەڕ ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە یەکێك لە تاوانە تێرۆریستییەکانی سەدەی بیستەمدا، جارێکی دیکە قامکی تاوانی بۆ لای ئەم ڕێژیمە ڕاکێشا.

لەم دۆکۆمێنتارەدا کەسێك بەناوی ئەبوولقاسم میسباحی، مۆرەی ئیتلاعاتیی پێشووی ڕێژیمی ئێران (هەر ئەو کەسەی کە لە ڕەوتی دادگای میکۆنۆسدا وەکوو شاهیدی C ئامادە بوو) پەردەی لە سەر ڕۆڵی ئێران لە تەقینەوەی فڕۆکەی هێڵی ئاسمانیی "پان ئەمریکەن" لە ئاسمانی گوندی "لاکربی" ئێسکاتلەند هەڵدایەوە. لەم تەقینەوەیەدا ٢٥٩ موسافیری فڕۆکە و ١١ کەس لە دانیشتوانی گوندی لاکربی کوژران.

لەم فیلمەدا دەگوترێت کە بەپێی بڕیاری ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە ئەمریکا بە هۆی لێدانی فڕۆکەی ئێرباسی ئێران لە کۆتاییەکانی شەڕ لەگەڵ عێراقدا لە لایەن کەشتیی شەڕکەری "وینسێنس"ی ئەمریکاوە، تێرۆریستەکانی سەر بە "بەرەی گەل بۆ ڕزگاریی فەلەستین ـ فەرماندەیی گشتی" بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد جبریل ئەرکی ئەنجامدانی تەقینەوە لە فڕۆکەی ناوبراویان وە ئەستۆ گرتووە.

ئاشکرابوونی ڕۆڵی ئێران لەم تاوانەدا کە پێشتر تەنیا دەدرایە پاڵ موعەممەر قەزافی، سەرکۆماری ئەو کاتەی لیبی، هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی هەڵگری مووشەکی سووری بوو کە لە ئێرانەوە بەرەو کەرتی غەزە بەڕێ کەوتبوو و لە کەنارەکانی سوودان و ئێریترە لە لایەن هێزە ئێسراییلییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا.

ئەوە دوو نموونەی کورت لە ڕابردوو و ئێستای ڕێژیمێکە کە لە یەك ساڵی ڕابردوودا و بە تایبەتی پاش هاتنەسەرکاری حەسەن ڕووحانی لە ئێران، کۆمەڵگای جیهانی و بە تایبەتی بڕیاربەدەستانی سیستەمی نێونەتەوەیی لە ڕۆژئاوای بە تاکتیکی نەرمشی قارەمانانە و ڕووناکیی فلاشی کامێراکان لەسەر بزە دیپلۆماتیکەکانی زەریف و ڕوحانی سەرقاڵ کردووە.

هاوکاتبوونی ئەو دوو ڕووداوە لەگەڵ سەردانی کاترین ئەشتۆن، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئەورووپا بۆ تاران و ونبوونی ئەم دوو هەواڵە لە نێو کایە میدیاییەکانی ڕۆژئاوا و باسی حیجابی ئیسلامیی ئەشتۆندا، دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆژئاوا لە قۆناغی ئێستادا نایهەوێ بیر لە کۆتایی مانگی هەنگوینی خۆی لەگەڵ ئاخوندەکانی ئێران بکاتەوە.

تەقینەوە لە فڕۆکەی هێڵی ئاسمانیی "پان ئەمریکەن"دا ئەو بیانوویە بوو کە ٢٥ ساڵ لەمەوپێش، ئەمریکای بەو قەناعەتە گەیاند کە هێرشێکی سەربازیی ئاسمانی بکاتە سەر ڕێژیمی لیبی و پێوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە بە تەواوی بپچڕێنێت.

لەم جۆرە ڕووداوانە کە هێندێك جار دەبنە بیانوو بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتێك و ڕووخانی ڕێژیمی سیاسیی ئەو وڵاتە لە لایەن زلهێزەکانەوە، لە مێژووی سیاسیی جیهاندا زۆر دیتراون.

کوژرانی گومانـاویی ئارشیدۆك فرانسیس فردیناند، شازادەی ئۆتریشی لە شاری سارایێڤۆ کە بوو بە هۆی هێرشی ئۆتریش بۆ سەر سێربستان و دەستپێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم، نغرۆبوونی پاپۆڕێکی ئەمریکایی لە ئاوەکانی ویێتنامدا کە بوو بە بیانووی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ویێتنام، ڕووخانی بورجەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی کە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراقی لێ کەوتەوە و تەنانەت هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت کە بیانووی پێویستی بۆ ناساندنی نەزمی نوێی جیهانی بە ئەمریکا دا، لەو نموونانەن کە نیشان دەدەن هێندێك جار ڕووداوە سیاسییەکان هێندە بە جیددی وەر دەگیرێن کە زلهێزەکان لەوانە وەکوو دەرفەتێك بۆ ڕەواییدان بە کردارێك کەڵك وەر دەگرن کە لە پێشدا بەرنامەیان بۆ دارشتبوو. لە بەرانبەریشدا، هێندێك جار ڕووداوی هاوشێوە و تەنانەت گرینگتر لەو نموونانەش لە پێش چاوی بیروڕای جیهانیدا ڕوو دەدەن، بەڵام بەرژەوەندیی بڕیاربەدەستانی سیستەمی نێونەتەوەیی، بە کەمتەرخەمییەوە لەگەڵ ئەو ڕووداوانە هەڵسوکەوت دەکات. کوشتارەکانی سێ ساڵی ڕابردووی سووریە، هێرشی ڕووسیە بۆ سەر گورجستان و جیاکردنەوەی ئۆسێتیای باشوور لەو وڵاتە بە زۆرەملی و بەم دواییانەش دەستدرێژیی ئاشکرای ورچە زێدەخوازەکەی ڕۆژهەڵات بۆ سەر سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئۆکراین و هەروەها ئەو کارەساتانەی کە بە سەر نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هاتوون، لە نموونەکانی کەمتەرخەمی و هەڵسوکەوتی نابەرپرسانەی دنیای ڕۆژئاوا لە بە دواداچوونی ئەو دروشم و ئامانجانەدایە کە هێندێك جار دەیانکەنە بیانوویەك بۆ هەڵخڕاندنی شەڕە خوێناوییەکان، بەڵام لە نموونەکانی سەرەوەدا خۆیان لێ لا داون.

هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ملهوڕی ئێران لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا، نموونەی بەرچاوی لادان لە ڕێسا سەلمێنراوە نێونەتەوەییەکان و بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵگای جیهانی بووە. ئەم ڕێژیمە لە تێرۆرە نێوخۆیی و دەرەکییەکانەوە تا دەستێوەردانی کاولکارانە لە ناوچە و جیهان، لە سەرکوتی نێو زیندانەکان و شەقامەکانەوە تا شەڕی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دراوسێیەکان، گەلانی ناوچە و کۆمەڵگای جیهانی، لە داگیرکردنی باڵوێزخانەکانەوە تا ناردنە دەرەوەی بۆمب و تێرۆریست و ئیدئۆلۆژی، هیچ تاوانێك نەماوە کە ئەنجامی نەدابێت.

تەقاندنەوەی بنکەی سەربازانی ئەمریکایی لە عەرەبستان، کنیا و لوبنان، کوشتنی هەزاران سەربازی ئەمریکایی لە عێراق و ئەفغانستان لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییەوە، داگیرکردنی باڵوێزخانەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و دەیان و سەدان نموونەی دیکە، لەو تاوانانەن کە زلهێزێکی وەك ئەمریکا بە پشتبەستن بەوانە دەیتوانی لانیکەم ڕێژیمی تاران لە ژێر زەبری قورسی هێرشی سەربازیدا بە توندی تەمێ بکات، بەڵام لە زۆربەی ئەم نموونانەدا واشینگتۆن لە بەرانبەر سەرەڕۆیی و دڕندایەتییەکانی تاراندا لە خۆبردوویی نیشان داوە و بە پاسیڤبوونی خۆی، نەك هەر ڕێژیمی تارانی خەڵات کردووە، بەڵکوو ورەی زۆربەی ڕێژیم و ڕێکخراوە یاخیبووەکانی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بەرز کردۆتەوە و وای لێ هاتووە کە ئێستا هەڕەشەی سەربازیی ئەمریکا دژ بە ڕێژیمێکی سەرکوتکەر و یاخی، وەکوو گاڵتەجاڕییەکی بێ‌بنەما چاوی لێ دەکرێت و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ هێندێك لایەن بۆتە کایەیەکی ئاسایی ڕۆژانە.

هەر بۆیە لەم ڕۆژانەدا نەك هەر جیهان لە ئاشکرابوونی ڕۆڵی ئێران لە تاوانی تێرۆریستیی لاکربی و ناردنی کەشتیی هەڵگری مووشەك بۆ هاوپەیمانانی لە غەزە، تووشی سەرسووڕمان نابێت، بەڵکوو ئۆباما، سەرکۆمارێك کە خۆی بە "ڕێبەری دنیای ئازاد" دەزانێت، بە داماوییەوە دەستی داوەتە هەڵبژاردن لە نێوان "خراپ" و "خراپتر"دا و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە "لە نێوان رادیکاڵیزمی سوننی و شیعەدا کامیان بە مەترسیدارتر دەزانی؟"، پاش ستایشکردن لە ڕێژیمی ئێران، وەکوو حکوومەتێك باسی دەکات کە خاوەنی ئێستراتژی و تێڕوانینێکی جیهانییە و لە سیاسەت و پێوەندییەکانی خۆیدا بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە و لەسەر بنەمای "تێچوو ـ سوود" هەڵسوکەوت دەکات.

لێرەدایە کە تێ دەگەین، داماویی هەموو لایەنەی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر شەپۆلەکانی دواکەوتنخوازی، بناژۆخوازی و دڕندایەتیی ڕێژیمە سەرەڕۆکانی ڕۆژهەڵاتدا بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون، جێگای خۆی بە "پێکەوە ژیان لەگەڵ گورگ" دەدات. لەم نێوانەدا ئەوەی کە هەنووکە لە تیشکی فلاشی کامێراکانی ڕۆژئاوا شاراوەیە، ئاشۆڤیتسی سەربڕینی ڕاستی و دادپەروەرییە کە لە پشت پەردەی دیپلۆماسیی "چمبرلینەکانی سەردەم" و کەمتەرخەمییان لە بەرانبەر هیتلرە گەورە و بچووکەکانی سەردەمدا بە خەمساردییەوە فەرامۆش دەکرێت. جیهان بە شێوەیەکی مەترسیدار لۆکەی لە گوێچکە ئاخنیوە تا دەنگی زرمەی پۆستاڵی هیتلرەکانی ڕۆژهەڵات نەبیستێ. ڕەنگە "پێرل هاربۆر"ێکی دیکە بەرێوە بێت، بەڵام تا هەنووکە "ڕۆزڤێلت" یان "چرچیل"ێکی نوێ لە ئارادا نیە.

# ئیسلامخوازانی دوای مەشرووتە لە ئێران

ن: پەرویز جەباری
و: حاجی ئاوە

**بەشی شەشەم**

ساڵەکانی دەیەی ٢٠ کاتێکی گونجاو بوو بۆ گەڕانەوەی ڕووحانییەکان بۆ بیاڤی سیاسەت، پاش چەندین ساڵ هاوکاری و لە هەندێك حاڵەتدا کۆتایی هاتنی گوشاری ڕەزاشا، لەم قوناغەدا ڕەوتی ڕووحانییەت و هێزە ئیسلامخووازەکان پڕژانە دژایەتی و بەربەرەکانێ لەگەڵ بیرۆکە ئاوەزخواز، سێکۆلار، بیرۆکەکانی مودێرنیتە، زانستگەرا و.... ئەوان لە هەندێك حاڵەتدا دەستیان دایە نووسین و ڕەخنەگرتن لەم بیرکردنەوە و بیرۆکانە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا لە زمانی زۆر، هەڕەشە و تیرۆر کەڵکیان وەرگرت. کتێبی "کشف الاسرار"ی خومەینی هەر لەم بوارەدا نووسراوە. بوارێك بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئاوەزخوازی، بیرۆکەکانی مەشرووتیەت، بنەما فیکرییەکانی ڕۆژئاوا بۆ دەسەڵاتداریەتی خەڵك و ئیرادەی خەڵك لە سەر چارەنووسی خۆیان. ئەم ڕووحانییە ڕادیکاڵ و فێقهگەرایە هەر لەم سەردەمەدا لەم کتێبەدا بە جۆرێك بنەما بیروباوەڕیی و فێقهییەکانی جێی سەرنجی خۆی بۆ جکوومەتی ئیسلامی هێنا بەرباس. باسکی دیکەی پێشڤەچوونی ئامانج و بەرنامەکانی ئیسلامخوازەکان لە دژایەتی لەگەڵ ئامانجە دێموکراتیك و دەسەڵاتداریەتی خەڵك لە ساڵەکانی دیمۆکراسی نیوەچڵی ئێران لە ساڵی ١٣٢٠ تاکوو ١٣٣٢ی هەتاوی ڕووحانییەکانی پارێزکار و نزیك لە دەربار بوون کە لە سەروویاندا ئایەتوڵڵا کاشانییە. ئەم سەردەمە ترۆپکی هاوکاری و هاوڕێیەتیی نزیکی دەربار، ئیسلامخووازەکانی ڕادیکاڵ لە چوارچێوەی " تیرۆر و توندوتیژی" نەواب سەفەوی و کاشانیدایە.

فەداییانی ئیسلام باسکی بەڕێوەبەریی ئیسلامخوازیی سیاسی و ڕادیکاڵ سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان لە سەردەمی دیمۆکراسیی نێوەچڵی ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٠ تاکوو ١٣٣٢ی هەتاوی ڕوانگەیەك دێنە گۆڕێ کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئازادی لە دژایەتیدایە. بیرۆکە و بەرنامەیەك کە لەگەڵ نێوەرۆك و چییەتیی مەشرووتە لە کێشمەکێشی بەردەوامدایە. لەمەڕ هەڵبژاردنەکان جەخت لە سەر پێشگرتن لە هەڵبژاردنی کەسانی بێ دین و سڕینەوەی یاساگەلێکی دژبەری ئیسلام دەکرێتەوە کە دامەزراوەیەك وەکوو شوورای نیگابان دێننە گۆڕێ. "نوێنەرانی مەجلیسی شوورا دەبێ تێبگەن کە مەجلیس، مەجلیسی یاسادانەری نیە، بەڵکوو مەجلیسی شوورای ئیسلامییە و تەنیا مافی هەیە لە سەر بنەمای یاسای پیرۆزی ئیسلام لە ڕێگەی مەزنایەتی میللەتی موسڵمانی ئێران ڕاوێژ بکات و ڕێگەگەلێکی ڕەوا بۆ بەرزبوونەوەی نەتەوەی موسڵمانی ئێران بدۆزێتەوە و بە زەرەری بەرژەوندییەکانی وڵاتی ئیسلامی قسەیەك نەکا و لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی لە مەجلیسی شوورای نەتەوەیی لە ژێر چاوەدێریی حەوزەیی ڕووحانییەت و زانا خاوەنڕا یەکەمەکاندا بن". بەم بەڵگەهێنانەوەیە کە "مافی یاسادانەری تەنیا موڵکی خودایە و یاسایەك کە بە هۆی فکری پرتوکاوی مرۆڤەوە دابڕێژرێت، لەگەڵ زانست، ئاوز و ئیسلام لە دژایەتیدایە." (فەداییانی ئیسلام، بەرنامەی حکوومەتی ئیسلامی، سەیید هادی خوسرەوشاهی).

شێوازی تیرۆر و سڕینەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگا لە لایەن فەداییانی ئیسلام لە تەنیشت ئەم بیرکردنەوە و لە ئاکامدا لێکدانەوەی ئەو لە بیرۆکەی ئایینی و گوتمانی ئیسلامی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ و لە کردەوەدا بەرەو ئیسلامی ڕادیکالیزم و پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی هەنگاو هەڵدەگرێ. ڕادیکالیزم و گوتمانێك کە لە یەك بەرەدا، لە بەرامبەر خواستی خەڵك، هێزە سیاسییە پێشکەوتووەکان، دەوڵەتی دوکتور موسەدێق و هێزە پشتیوانەکانی خۆڕاگری دەکا. هەر ئەم گرووپە لە ئیسلامخوازانی ڕووحانی لە زۆریەك لە بەرنامە و ڕوانگەکانی خۆیاندا سەبارەت بە سیاسەت، دەوڵەت، ڕۆڵ و کارکردی ئایین لە دەسەڵاتدا لەگەڵ ڕووحانییەکان و زانا هەڵکەوتووەکانی شیعە لە حەوزەکانی نەجەف و قوم تووشی دژایەتی لە بیروباوەڕ، فێقە، سیاسەت و بەڕێوەبەری دەبن. تا شوێنێك کە نەواب سەفەوی بە هۆی توندئاژۆییەکان و هەڕەشەکانی کە لە لایەن بازنەی نزیکەکەکانی، کە زۆربەی ئەوان کەسانی غەیرە ڕووحانی، نەخوێندەوار، سوننەتگەرا، سەرڕۆ و بەگشتی کەسانێکی نائاسایی بوون، لەلایەن ئایتۆڵڵا برووجێردی مەحکووم دەبن و لە کۆتاییدا لە حەوزە دەر دەکرێن.

ئەم ڕادیکالیزم و ئانارشیزمی ئایینییە لە دەیەی ١٣٢٠ و ١٣٣٠ی هەتاوییدا لە لایەن فەداییانی ئیسلام و ڕەوتەکانی دژی ئازادی، دژە دێموکراتیك و دژبەری بیرۆکەکانی مەشرووتە، بە پشتیوانی و گوێڕایەڵیی کاشانی لە دەربار، بەردەوام دەبێ. تا کاتێك ئەم هەڵێنجانە لە ئایین و سیاسەتەکانی بنەما فیکرییەکان، بیروباوەڕ، کردەوەیی و سیاسیی بەشێکی زۆر لە هیزە سیاسیی ـ ئایینیەکانی دەیەی ٤٠ و ٥٠یان لە ئێراندا پێکهێنا. ئەم جۆرە هەڵسووکەوتە لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەت و هەروەها هەڵێنجانی سیاسی لە ئیسلامخووازی لە ساڵەکانی پێش لە ئینقلاب لە ئێراندا، ڕەوتی حاکم لە نێو هێزە ئایینییەکان بە خوێندنەوەگەلێکی جۆراوجۆر لە ئایین بۆ خەبات بوو. ئەوان لە چوارچێوەی ڕەوتگەلێکی ئایینی، هەئیەتە ئایینییەکان، ئەنجوومەنە ئایینییەکان و ڕەوتگەلێکی دژبەر لەگەڵ کۆمەڵگای کراوە هەوڵی دامەزراندنی قوتابخانە ئەهلییەکانی نزیك لە خۆیان، چاپەمەنییە ئایینیەکان، پەروەردەی قوتابیانی ئایینی، ڕێکخراوە چریکی و ئایینیی نزیك لە ئیدولۆژیکی ئایینی و بازنەگەلی نزیك لە ڕووحانییەکانیان دا. ئەم ڕێبازە فیکرییە کە لە شێخ فەزلوڵڵا نووریەوە دەستی پێکردبوو لە قۆناخەکانی دواییدا بە لەژێر باڵ گرتنی مودەڕیس، نەواب سەفەوی و کەسانی دیکە ڕێگەی خۆی زیاتر لە جاران لەبار دەکا. گوتمانی ئایینی بە توخمی ئیسلامخووازی ڕادیکاڵ لە ئێران، لە سەردەمی پەهلەویی دووهەمدا بە ڕۆڵ و بەشداریی خومەینی بە جۆرێك و لە دەیەی ١٣٤٠و ١٣٥٠ی هەتاوی لە لایەن ناوەندە ئایینییەکان و کۆبوونەوە ئایینییەکان کە لە لایەن ڕووحانییە نوێخواز، ئیسلامخووازانی غەیری ڕووحانی و سوننەتگەرایانی ئایینی ئیدارە و ڕێنوێنی دەکرا، گوتمانی ئایینی بەهێز دەکا. تا شوێنێك کە بە سووڕانەوە بۆ شێوازێکی ئیدۆلۆژیك، گوتمانی چەپگەرایانە و دژە ئیمپریالیستی، زۆر چالاك دەبێتەوە.

لەم سەردەمەدا، پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی و بە جۆرێك جێگیرکردنی سیستمی شەریعەی ئیسلامی یان وەرگێڕانی دیکەی ئەو"گەڕانەوە بۆ خود" سەردەمی سەرەتایی و دەسپێکی ئیسلام، توخمی هاوبەش لە نێوان هێزەکانی ئیسلامخووازی ڕووحانی و غەیرە ڕووحانی بوو، بە شرۆڤە و خوێندنەوەی جۆراوجۆر. بەڵام سەرەڕای ئەمە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هاوکاری و بەرنامەگەلی هاوبەشیان بۆ هێنانەدیی ئەم کارە هەبوو. فەزای سیاسی پاش کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لە ئێران، زۆرتر لە هەر کاتێك ئەم دەرەتان و هەڵکەوتەی بۆ هێزەکانی ئیسلامخواز ڕەخساند. چوونکە ڕێژیمێکی هەڵقوولاو لە کوودەتا بە پشتیوانیی هێزە دەرکییەکان، بووە بە جێگرەوەی دەوڵەتێکی یاسایی و تا ڕادەیەك دێموکراتیك. ڕێژیمی پاشایەتی بە هۆی گرتنەبەری سیاسەتگەلی توندوتیژ و غەیرە دێموکراتیك دوای کوودەتا، لەگەڵ هێزە ئازادیخواز و دێموکراتیکەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران زۆرتر لە هەر کاتێك، چییەتی غەیرە دێموکراتیك و سەرەڕۆیانەی خۆی پیشان دا. سەردەمی پاشایەتی دوای کوودەتای پەهلەوی دووهەم لە ئێراندا، دوور بوو لە بنچینە و بنەما و دامەزراوەگەلی دێموکراتیك و مەدەنی بۆ بەشداری و بوونی خەڵك لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

ئەم ڕێژیمە هەر چەند لە کردەوەدا و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە بووجەگەلی زۆر و بانگەشەی بەربڵاو، خۆی بە پێشەنگ و بەرەوپێشبەری بەرنامەگەلی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاسی بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئێران دەزانی و لەم بوارەدا گەلاڵە و بەرنامەگەلی گەورەیی بەرەوپێش دەبرد، بەڵام سەرەڕای ئەمەیش نەیتوانی ڕووخساری سێکۆلاربوونی خۆی لە بوارەکانی کولتووری، ئابووری و هتد بهێنێتە نێو بیاڤی سیاسەتەوە. ئەم ڕێژیمە بە داهاتی بێ ئەژماری دۆلارە نەوتییەکان و هاوکارییە دەرەکییەکان نەیتوانی ڕێژیمێکی خەڵکی کە لە داواکاری زۆرینەی نەتەوەکانی ئێرانەوە هەڵقووڵاوە، پێك بهێنێ. شا و ڕاوێژکارانی بە هاریکاری ساواك و پشتیوانی هێزە دەرکییەکان، پاش گەڕانەوە بۆ دەسەڵات، کە خۆیان لە بەرامبەر ئەواندا بە بەرپرس دەزانی، ڕێگەی مەودا گرتن لە بنەماکانی مەشرووتە و یاسایی بنەڕەتی کە سوێندی وەفاداری و کارکردن بەویان خواردبوو، گرتە بەر . حەمە ڕەزاشا لەم ساڵانەدا چیدی ئامادە نەبوو لە بەرامبەر هێزە سیاسییەکان و دامەزراوە دێموکراتییەکان وەکوو مەجلیس، حیزبە سیاسییەکان، ڕاگەیەنەکان و هێزی خەڵك، وەك ساڵەکانی دەیەی ٢٠ کار بکات. هەڵبەت ئەم سیاسیەتە لەو ساڵانەیشدا کە سیاسەتی پێکەوەهەڵکردن و حەوانەوە لە سەر بنەمای باڵانسێکی دەسەڵات لە ئێراندا بوو، زۆرتر سەرنجی ناوچە ناوەندییەکانی ئێران بوو، نە هەموو ناوچەکانی ئێران. چوونکە هەر لەم ساڵانەدا هێزە دێموکراتیکەکان و بڕوادار بە بیرۆکە و ئامانجەکانی مەشرووتیەت، ئازادیخواز، مافە دێموکراتیکەکان، نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، نادادپەروەریی و کۆمەڵگای دێموکراتیك لە نێو نەتەوەکانی دیکە، لە لایەن دەسەڵاتەوە سەرکوت کرابوون. هێزە دێموکراتیك و بەرخۆدانکارەکان کە بە شێوەی سوننەتی، پشتیوانی بنەڕەتی مەشرووتییەت و بڕوامەند بە چڕنەبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ناوەندی ئێران بوون. لەم سەردەمەدا، هێزە خەباتکار و دێموکراتیکەکان لە کوردستان، ئازەربایجان، باکوور و ناوچەکانی دیکە لە لایەن شا و بە پشتیوانی سوپا سەرکوت دەکران. ئەم ئازادیخواز و هێزە پێشەنگانە، پاشماوەی ئامانجەکان و داواکارییەکانی هەر ئەو هێزە دێموکراتیك و ئازایخوازییە بوون کە بەرخودانی هێزە مەشرووتەخوازەکانیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە سەردەمی سەرەڕۆیی چووکە پێکدەهێنا. پشتیوانی، هاوڕێیەتی و بەرخۆدانێکیان خولقاندبوو کە لە کۆتاییدا بە داگیرکردنی تاران، بوونە هۆی سەرکەوتنی مەشرووتیەت لە بەرامبەر سەرەڕۆیی حکوومەتی و دواکەوتوویی ئایینیدا. بەڵام لەم قوناغەدا بە هاوڕێیەتی ڕووحانیەت و ئیسلامخووازان، بزووتنەوە دێموکراتیك و نەتەوەییەکانی ئازەربایجان و کوردستان کە لەگەڵ نێوەڕۆك و چییەتیی مەشرووتیەت لە ئێراندا هیچ دژایەتی کردەیی و تیۆرییان نەبوو، لە لایەن پاشایەتیخوازەکانەوە بە شێوەیەکی توند سەرکوت دەکران. ئەم بارودۆخە، واتە سەرکوت و پێکهێنانی فەزای زەبەروزەنگ بۆ هێزە سیاسیی و دێموکراتیکەکان، سێکۆلارەکان، ئازادیخوازەکان، بزووتنەوە خوێندکارییەکان، ژنان، بزووتنەوە چریکی و رووناکبیرەکان لە ئاستی زۆر بەربڵاو بەردەوام دەبێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لەم سەردەمەدا ئیسلامخوازان و ڕووحانییەکان جیا لە بەشێك لە ئەوان کە لە گرتووخانە و دوورکەوتنەوەدا بوون، بەڵام سەرەڕای ئەمە بە شێوەی گشتی، لە بواری گوتمانی و بیاڤی چالاکی لە تەناهی و فەزایەکی چالاکیی زۆرتریان هەیە. فەزای گشتی، هەڵکەوتەی ڕێژیم و لە تەنیشت ئەودا لێکدانەوەی ڕێژیم لە ئیسلام و هاوڕێیەتی لەگەڵ بەرنامە ئیسلامییەکان لە ئیستراتژیی درێژخایەندا، نە تەنیا لە دژی ئەوان نیە، بەڵکوو بەستێن و بوار زۆر گونجاوە. تا ئەوان بە چرای کوژاوە و هەروەها لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە چرای ڕۆشن هەوڵی چالاکیی سیاسی، بانگەشەیی، فێرکاری، کولتووری، دارایی، خوێندکاری، زانکۆیی، ئیداری، دەوڵەتی، ئایینی و بیروباوەڕی لە بوارگەلی جۆراوجۆر بە بووجەکانی سیستم لە نێو سیستم بدەن. لەم فەزایەدا کە بزووتنەوەکانی چەپ و هێزە دێموکراتیکەکان بە لاگیرییە جۆراوجۆرەکان و هەروەها هێزە دێموکراتییەکانی نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکان و کەسایەتییە خەباتکارەکان، کەمترین ڕێژە و دەرەتانی بەشداری و چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ئەوان بوونی نەبوو. هێزە ئیسلامخووازەکان لە چوارچێوەی چالاکیە سیاسییەکان لە بوارگەلی جۆراوجۆر، بەستێنێکیان بۆ بەشداری و چالاکیی ئەوان ڕەخساندبوو. ئەم پرسە دەگەڕایەوە بۆ لێکدانەوەی سیستمی پاشایەتی، دەزگا ئەمنیەتییەکان، کارناسە سیاسییەکان و دەوڵەت کە مەترسیی سەرەکی بۆ مانەوەی پاشایەتی لە لایەن ئیسلامخوازەکانەوە نەدەزانی بەڵکوو ئەوان مەترسی و هەڕەشەی سەرەکی لە لایەن ڕووناکبیران، سێکۆلارەکانی پەیرەوی مەشرووتیەت، دێموکراتەکان، هێزە پێشەنگەکان، لاگیرییە چەپەکان و هێزە چریکییەکانەوە دەزانی. لەم بەستێنە گوتمانیەدا، ئیسلامخووازەکانیش بە خوێندنەوەگەلی جۆراوجۆری سێکۆلارەکان، ڕووناکبیرانی غەیرە ئایینی، هێزە پێشەنگەکان و دێموکراتیکەکانی نەتەوەکانی ئێران و لاگیرییە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی چەپ و نوێخوازیان بە دوژمنی خۆیان دەزانی. ئەم سیاسەت و هەڵێنجانە دوولایەنە، بە شێوەی نەنووسراو، خاڵی ڕێکەوتن و هاودەنگیی ئیسلامخووازەکان و دەزگاکانی سیستمی سیاسی پاشایەتی، لە ئێرانی دەیەی ٥٠ی هەتاوییە. ڕوانینی هاوبەش و باوەڕمەند بوون بە دوژمنێکی هاوبەش لە لایەن " دامەزراوەی پاشایەتی" و " ئیسلامی سیاسی" لەم سەردەمەدا بە جۆرێك هەر ئەو بیرکردنەوەی دژایەتی لەگەڵ مەشرووتە، لە لایەن سەرەڕۆخوازەکان و شەریعە خوازەکانمان دێنێتەوە یاد.

کۆتایی بەشی شەشەم



بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 625 ▪ 20 Mar 2014


رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

